المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص٣٤-٧١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ئارێشەی ئەپراکسیا لە تەونی سایکۆلۆژیای زمانییدا

پ.ی.د. ئاڤێستا کەمال مەحموود
بەشی کوردی- سکوڵی زمان – زانکۆی سلێمانی– سلێمانی – عێراق
avesta.mahmud@univsul.edu.iq

**الملخص**

ان هذا البحث ( اضطراب الابراكسيا في شبكة علم اللغة النفسي )يحلل المبادئ الاساسية لاضطراب الابراكسيا و ذلك من خلال تقديمها من منطلق العلم اللغة النفسي و عملياتها الذهنية ، كما و انه يبين ان هذا الاضطراب ليس ناجما من خلل واحد في جهاز النطق بل ان اسباب ظهورها تاتي من اسباب عدة متشابكة في بعضها البعض ولقد شخص هذا الضطراب بانها أحد اضطرابات الكلام الحركية المرتبطة بتنسيق تسلسل الحركات، و كماتنتج عن إصابة دماغية في منطقة المبرمج الحركي (programmer Motors) وانها لا تنتج عن ضعف العضلات أو شللها أو عن فقدان الحس أو ضعف الفهم بل يعاني مريض الأبراكسيا من عدم القدرة على انتاج بعض الأصوات أو المقاطع أو الكلمات و يعود هذا الاشكالية لخلل في الذاكرة العاملة على وجه التحديد. ولقد عمل هذا البحث على اكثر من محور لتفسير كيفية ظهور هذا الضطراب من ناحية العلم اللغة النفسي و كيفية تشابك آلية التخزين في تعقيد اللغة عند مرضى هذا الاضطراب و من هذه التشابكات عمل الذاكرة القصيرة المدى و الذاكرة الطويلة المدى وعلى وجه الخصوص الذاكرة الاجرائاتية . كما ركز هذا البحث على ظواهر النحوية و الفونولوجية ( الصوتية) للغة الكوردية و دورها في تعقيد أو تسهيل النطق لدى هؤلاء المرضى مع الأخذ بالاعتبار أن هناك الكثير من أعراض الأبراكسيا ولكن ليس بالضرورة أن تكون ظاهرة كلها لدى فرد واحد و بذلك يكون حدوثها متنوعا بحسب تنوع الاسباب المؤدية لها .

***Abstract***

This research (Apraxia Disorder In Psychology of language's web) is analyzing the disorder from psycholinguistics point of view , it explains many psycholinguistic aspects that involved in this disorder such as working memory(phonological loop), long term memory especially procedural memory and the process which is working with encoding schemas , all definitions are insisting on that Apraxia is a motor speech disorder (Most of the time, the cause is unknown)that makes it hard for children to speak. It can take a lot of work to learn to say sounds and words better. there by all apraxia children in need to Speech-language pathologists since they have diagnosed with SLI (Special language Impairment). From this perspective the research consists on the psycholinguistic process and how they impact speech and make communication more complex. The research consists two parts: The first part describes the disorder from psycholinguistic point of view and the second part covered the practical analytic and testing a case study which taking as a Kurdish language fragment.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( ئارێشەی ئەپراکسیا لە تەونی سایکۆلۆژیای زمانییدا) هەوڵدەدات بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئارێشەیە تاوتوێبکات ئەمەش لە رێگای ئەو تیۆر و میتۆدە نوێیانەوە ، کە زانستی زمانی دەروونیی پێشکەشی دەکات .

لە ڕاستیدا ئەم ئارێشەیە بە هۆی تەنها یەك هۆکارەوە لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا دروستنابێت بەڵکو چەندین هۆکار و دیاردەی هەیە، کە هەموویان بەیەکداچوون و لە ئەنجامیشدا تاکی ئارێشەدار تووشی نەتواتنینی ئاخاوتن دەبێت واتا ناتوانێت قسەبکات یاخود قسەکانی تێنەگەیەنراو دەبن و برگەی تێکەڵ و وشە و ڕستەی تێکشکاو بەکاردێنێت ، ئەم ئارێشەیە پەیوەندی بە بزوێنەری ئاخاوتنەوە هەیە ،کە ناتوانێت فەرمانەکانی مێشك بە شێوەیەکی ڕیزبەندی جێبەجێ بکات و ئەم ئارێشەیە هۆکارەکەی بێهێزی ماسولکەکان نییە هێندەی پەیوەندی بە ڕێکخستنی زنجیرەبەندی دەنگەکانەوە هەیە .ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەسەر ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکاندەکاتەوە و لە شیکردنەوەکانیشیدا ئاڵۆ.ی ئەم ئارێشەیە بەپێی دەنگسازی و ڕێزمانی کوردی شیدەکاتەوە ، کە لە چ شوێن و جێکەوتەیەکدا ڕێزمان و دەنگسازی کوردی یاریدەجەرە بۆ خێراکردنی ڕاهێنانە زمانییەکان و لە چ جێکەوتەیەکیشدا کۆسپ و ئاڵۆزی دروستدەکەن .

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەروونیدایە و هەوڵدەدات بەهۆی میتۆد و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی زانستی زمانی دەروونیی ، دەماری و زانستی درکپێکردنەوە ئارێشەی ئەپراکسیا بناسێنێت وەك کێشەیەکی نەتوانینی دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیر لەلای ئارێشەدارانی ئەپراکسیاوە و بۆ ئەمەش پەیوەندییە فرە ڕەهەند و تێکچڕاوەکانی ئارێشەکە لە نێوانی ئەم زانستانەدا و چۆنێتی لێکدانەوەکانیان دەخاتەڕوو .

ئارێشە زمانییەکان بە جۆراوجۆرییەکانییەوە گرفتی ئاڵوگۆڕکردنی بیر و دەربڕینی هەست و نەستەکان دروستدەکەن و لە نێویشیاندا ئارێشەی ئەپراکسیای ئاخاوتن شکستی توانای پلاندانانی ئاخاوتن نیشاندەدات و ئەمەش وایلێدەکات ئەو کەسانەی ئەم جۆرە ئارێشەییەیان هەبێت نەتوانن پەیامەکانیان لە مێشکەوە بۆ ئەندامەکانی ئاخاوتنیان بگوێزرێتەوە ، لە ڕاستیدا ئەو چەشنە لێکدانەوەیەی لەم توێژینەوەیەدا گیراوەتە بەر هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە هەر لەسەرەتاوە بە فۆنەتیکی دەنگەکان و پاشان بۆ فۆنۆلۆژی دەنگەکانی زمانەکە ( زمانی کوردی) و برگە ، دەربڕینی وشە و ڕستە ....هتد دەگرێتەوە ، چونکە ئارێشەدارانی ئەپراکسیا لە چەند ڕوویەکەوە تووشی ئاڵۆزبوونی زمانی دەبن لەوانە گرفتی درکپێکردن و ناسینەوەی شوێنی دروستبوونی دەنگەکان ، تێکچڕژاوی کارکردنی یادگەکان بۆ هەڵگرتنی دەنگ و وشە ، بە سروشتی کارنەکردنی فەرمانەکانی دەمار لەگەڵ ئەرکی زمانی کەرەستە زمانییەکان و چەندین پەککەوتن و ئاڵۆزبوونی تر ، کە سەرجەمی پێڕەوی دەروونیی ، دەماری و درکپێکردنی ئارێشەدارەکە دەگرێتەوە و لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەخت لەسەر لایەنەکانی سایکۆلۆژیای زمانی و بەیەکداچوونەکانی لەم ئارێشەیەدا دەکرێتەوە و لە هەمانکاتدا پشت بە زمانەوانی دەماریی و زمانەوانییە کارەکییەکانی تریش دەکرێت لە پێناو لە قاڵبدانی جۆری ئارێشەکە و دیاریکردنی چۆنێتی چارەسەر بە تایبەت لە زمانی کوردیدا .

بەمپێیە ئەپراکسیای ئاخاوتن گرانی لە پلاندانان و هاریکاریکردنی پێویستی جێبەجێنەکردنی ئاخاوتن دەگرێتەوە و هەندێکجاریش ئارێشەکە گرافتدار تر دەبێت و کێشەی هزریشی تێکەڵدەبێت ، کە پێی دەگوترێت ئەپراکسیای چەمکی و لێرەدا


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

هەوڵدەدرێت پەیوەست بە زمانی کوردیشەوە هەندێك لەو ئاڵۆزییانەی لەسەر ئاستی دەربڕین و چەمك بۆ ئارێشەکە دروستدەبن لێکبدرێتەوە.


ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەندیکردنی زارەکی دەگرێتەوە و لەو کاتانەدا ئاماژە بە پەیوەندی نازارەکی دراوە، کە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی پەیوەندیکردنەکە هاتوونەتە ئاراوە و ئارێشەدارێکی ئەپراکسی نەیتوانیبێت لەگەڵ کردە دەنگییەکاندا هەماهەنگ بێت و وەڵامی گونجاویان بۆ فەراهامبکات هەرلەبەرئەوەیە بە دوو پار تاوتوێی ئەم ئارێشەیە دەکات ، کە ئەوانیش بریتین لە :

1. چەمکی ئارێشەی ئەپراکسیا لە نێو کۆزانیارییە بەراییەکانی ئارێشە زمانییەکاندا ،
2. تەونی سایکۆ_زمانیی ئارێشەی ئەپراکسیا،

### ١. چەمکی ئارێشەی ئەپراکسیا لە نێو کۆزانیارییە بەراییەکانی ئارێشە زمانییەکاندا

زمان وەك بونیادێکی سەرەکی بۆ گۆڕینەوە و تێگەیشتن لە بیری ئەوی تر هەمیشە وەك پێڕەوێکی تەواو و پڕاوپڕ کارناکات ، بەڵکو هەندێکجار تاکەکان گیرۆدەی گەشەنەسەندن و کامڵنەبوونی ئەم پێڕەوە دەبن و ڕووبەڕووی ئارێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە ، کە گرفت بە ژیانی تاك دەگەیەنێت لەسەر ئاستی خودی و کۆمەڵ و بەشێوەیەك بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە بۆ ئەم ئارێشەدارانە دەبێتە کارێکی سەخت و پەیوەندی و ناساندنی پێگەی کۆمەڵایەتیان دەبێتە کارێکی دژوار ، هەر لەمەشەوە زانستە کارەکییەکان بە تایبەت (زانستی زمانی دەوونیی ، زانستی زمانی دەماریی ، زانستی زمانی کلینیکی ...هتد) هەوڵدەدەن ئەم ئارێشانە بناسێن , شیبکەنەوە و سروشتی بارەکە دیاریبکەن و دواتر چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە ، چونکە پشکنینی جێکەوتەی ئارێشەکە لە نێو پەیوەندییە چڕەکانی هزر و مێشکدا گرنگییەکی تەواوی هەیە لە پەنجە خستنەسەر چۆنێتی چارەسەرکردن و جۆری ئەو ڕاهێنانەوەی ئارێشەدارەکە پێویست پێیەتی ، هەر لەم تێڕوانینەشەوە و بە شێوەیەکی گشتی ئارێشە پەیوەندیدارەکان بە پەیوەندیکردنی زمانییەوە چەندین دابەشکردنیان بۆ کراوە لەوانە ( ئارێشە پەیوەندیدارەکان بە وەرگرتن و دەبڕین ) ، ( ئارێشەی ئاخاوتنی و ئارێشەی زمان) بەشێوەیەکی گشتگیری لە هێڵکارییەکدا بیخەینەڕوو :

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




هێڵکاری ( ١) لە Aneja, S ( ١٩٩٩: ٨٨٧–٨٩٠) وەرگیراوە

ئەوە هێڵە گشتییەی ، کە پێویستە بزانرێت دەربارەی ئەم ئاریشانە ئەوەیە ، کە کۆمەڵێك گرفتی هاوبەش لە نێوانیاندا دەدەکەوێت وەك( فۆنۆلۆژی ، بزوێنەری ، زارەك ، دەماریی) و هەندێکیان زیاتر لە یەکێك لەم تایبەتییانەیان تێدا دەبینرێت ، لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو :

١ . **ئاریشەی فۆنۆلۆژی (Phonological Disorders)**: فۆنۆلۆژی پێڕەوی دەنگیی زمانە و لە ڕێگەی ئەم پەیڕەوەوە چۆنێتی پێکەوەگونجانی دەنگەکان( فۆنێمەکانی زمانێك) دیاریدەکرێت و ئەم ئاریشەیە بە بنچینەی ئاریشە زمانییەکان دادەنرێن ،چونکە ئەو منداڵانەی ئاریشەی فۆنۆلۆژییان هەیە ناتوان یاسا و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی زمان فێربن لە هەمانکاتدا ناتوانن لە وشەیەکدا فۆنێمەکان کۆبکەنەوە بە ڕادەیەك ئەم ئاریشانە قوڵدەبنەوە تا تێکەڵ زمانی خوێندنەوە و نوسینیش دەبن لەو ئاریشانە ( تەتەڵکردنی زمان ، زمانگرتن ...هتد) .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

له ئەم چەشنە ئاریشەیەدا ئاگایی فۆنۆلۆجی توشی پەککەوتن دەبێت و وتن و دركاندنی وشەكان بە شێوەیەكی ڕاست بەهێزنین و هەندێكجار ئەم ڕاست نەدركاندنە پەیوەندی بە ڕاست نەبیستنی وشەكانەوە هەیە لای ئاریشەدارەكە واتە وشەكە بە خاوێنی ناگاتە پێڕەوی شیكردنەوەی فۆنۆلۆژی و ئەم حاڵەتەش پێی دەگوترێت ( auditory bombardment ) و هەر ئەمەشە وادەكات وشەكان بە شێوەیەكی تەلەگراف دوبارەببنەوە ،كە چۆن بیستراون بە هەڵە بەوشێوە هەڵەییەش جارێكی تر دەربڕێنەوە .

٢. **ئاریشەی زارەك ( ئەندامەكانی ئاخاوتن** Articulation Disorders ) : ئەم ئاریشەیە پەیوەندی بە پێكەوە نەهاتنەوەی ئەندامەكانی ئاخاوتنەوە هەیە بە شێوەیەكی هارمۆنی و هەندێكجار ئەندامێك یان زیاتری ئاخاوتن گرفتداردەبێت یاخود ڕەفتارێكی زمانیی ،كە وەك خوویەك دەردەكەوێت دەبێتە بەربەست لە دەركردنی دەنگەكانی زمان بە شێوەیەكی گونجاو و ڕێك وەك لە باری ( فسك بوون ) دا دەبینرێت ، كە وشەكانی فۆنێمی/ s / تێدایە دەبن بە فۆنێمی/θ / بۆ نموونە :

١. / sərin /⟵/ θərin /

ئاریشەدارانی( دیسارسیا) ش گرفتیان لە جووڵەی ماسولكەكانی ئەندامەكانی ئاخاوتندا هەیە لەبەرئەم هۆكارەشە زۆر بە گرانی دەتوانن پرۆسەی بەرهەمهێنانی دروستی فۆنەتیكی زمان جێبەجێبكەن .

٣. **ئاریشەی بزوێنەری ئاخاوتن** ( Motor Speech Disorders ) : لەم بارەدا ناوچەی بەرپرس لە جووڵەی ئەندامەكانی ئاخاوتن و ئامادەكارییەكانی بەرهەمهێنانی زمان لە مێشكدا گرفتی تێدەكەوێت هەرئەمەشە وادەكات پلانی بزوێنەری ئاخاوتن Speech motor planning disordersگرفتی تێبكەوێت لە پەیكاڵترین ئاریشەی ئەم جۆرە ( ئەپراكسیا)ی ئاخاوتنە .

**١ . ١. ئاریشەی ئەپراكسیا ( چەمك و تێڕوانین )**

ئاریشەی ئەپراكسی ئاخاوتن شكستە لە توانای دانانی پلانی جووڵی بزوێنەری ئاخاوتن و ئاریشەدارانی گرفتی ناردنی پەیامیان هەیە لە مێشكیانەوە بۆ زارەكیان و هەر لەبەر ئەمەشە بە ئاشكرا لاوازی لە جووڵەی ( لچولێو ، شەویلگە )یاندا دەردەكەوێت ئەم هۆكارەشە كە دەبێتە هۆی تێكەڵكردنی لەگەڵ ئاریشەی دیسارسیادا( لوكەر Lucker, N (٢٠٠٣ : ٥) دەڵێت :" ئەپراكسیا بنەڕەتەكەی ، كە پەیدابوونییەتی دیارنییە و ڕاستەوخۆ لەلایەن میكانیزمەكانی ئاخاوتنی منداڵەكە / هەراشەكە تاقیدەكرێتەوە وەك ( ڕێڕەوی جووڵەی لچولێو ، فوولێكردن ، لستنەوەی دەم ، هەڵسوڕانی زمان ..هتد ) بۆ ئەمەش لە ئاریشەدارەكە دەڕوانرێت لە كاتی نانخواردندا و گوێی لێدەگیرێت بە تایبەت گوێگرتنەكە لە جووڵە دووبارەبووەكانی دەبێت جەختیلەسەربكرێتەوە ".

ئەپراكسیا ئاریشەی بزوێنەرییە ، كە بەهۆی بەركەوتنی مێشكەوە ڕوودەدات لە گەورەدا بە تایبەت لە ( توێژی پشتە دیوارە پل posterior parietal cortex ) ، كە تاك والێدەكات گرفتی هەبێت لە پلاندانانی بزوێنەریدا ناتوانێت هەستێت بە ئەركەكان كاتێك پرسیاری لێدەكرێت یاخود فەرمان و داخوازیان لێدەكرێت واتای وشەكە لە گریكییەوە هاتووە بە واتای بێكردە (a ) واتا( بێ ) ( Praxis )بە واتای ( كردە ) دێت " لە لایەكی ترەوە **هیلمان و ڕۆسی** ( Heilman and Rothi (1993: 141–150 دەڵێن:" ئەپراكسیا ئاماژەیە بۆ بریندارابوونی مێشك و ئەمیش تەرزێكی ئاڵۆزی گەشەنەسەندنە ، كە ناتوانرێت شیبكرێتەوە یان لێكبدرێتەوە بە شێوەیەكی گشتی وەها دەناسرێت ،كە ئاریشەی جووڵەیە و بەهۆی لاوازی و پەرشبوونەوەی ئاوەزەوە یان بە هۆی لەرزین و سەرەولێژبوونەوەی هزرییەوە یاخود بەهۆی تێنەگەیشتن و پێكەوەنەهاتن درووستنەبووە "، ئەگەرچی ئەم دیوە نەرێنییە بۆ پێناسەكردن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێكی ئەپراكسیا شیدەكاتەوە و ئەوە دەردەخات ،كە ئەم ئاریشەیە پەیوەست نییە

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

به هەستە سەرەتاییەکان و تێکچوونی گشتی بزوێنەری (Motor deficits ) ئەمەش ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە ، کە کەسی ئارێشەدار ڕەنگە بجوڵێت و لێهاتووی ئاسایی هەبێت ئەگەر چی لە ئاخاوتندا بە جۆرێك لە جۆرەکان تووشی پەککەوتن بووە".

لەلای پاتریکا ، ئەدریانی ..و بیلاند Petreka , Adriani ..Billand(٢٠٠٧: ٣) ئەوەی جێگەی مەتەڵاوی بوونی دیاریکردنی ئەپراکسیایە ئەوەیە ، کە " ناهاریکارییەك هەیە لە نێوان لەخۆوەیی خۆبەخشی voluntary-automatic dissociation ) لەگەڵ پشتبەستن بە دەوروبەر " هەربۆیە ئەپراکسییەکان ناتوانن فەرمانی زمانی ( وەك وەڵامدانەوە) جێبەجێبکەن و بەردەوام ئامازەکان بەکاردەهێنن ( وەك هێماکردن بۆ شتە بەرجەستەکان لە کاتی پەیوەندی زمانییدا).

### ١ . ٢ . مۆدێل و جۆرەکانی ئەپراکسیا

ئەپراکسیا بەهۆی توشهاتنەکانی جۆری زۆرە و لە کەسێك بۆ کەسێکی تریش چۆنێتی توشهاتنەکە دەگۆرێت هەربۆیە شێوەیەکی تاکگەرایانەی پێوەدەردەکەوێت ئەمە چ لە ئاستی گیرۆدەبوون یاخود شێوازی مامەڵەلەگەڵداکردن و چارەسەرەکەیدا بێت ، هەربۆیە لەسەرەتادا خودی دیاریکردنی ئەپراکسیا کێشەدار بووە و چەندین لێکۆڵینەوە و کاتی ویستووە تاوەکو وردەکارییەکانی پشکنراوە و فۆرمی تایبەتیان دراوەتێ لەگەڵ ئەمەشدا هەتا لێکۆڵینەوەکانی ئەم ساتە وەختانەش لێکۆڵینەوەکان جەختلەسەر ئەوە دەکەنەوە ، کە هەر ئارێشەدارێکی ئەپراکسی پێویستە دەوروبەر و میتۆدی تایبەت بەخۆی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت بەمەبەستی ڕاهێنانەوەی ، چونکە سروشتی جۆراوجۆرییەکەی وایکردووە ئاستەم بێت جۆرێکی دیاریکراو هەموو تایبەتییە وردو گشتییەکانی تاکەکان لەخۆبگرێت هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە لە دەستپێکی ئەم کارەدا ڕوونکردنەوە لەسەر هەموو جۆرەکانی ئەپراکسیا بدەین و پاشانیش چۆنێتی مۆدێلی ئەپراکسیای ئاخاوتن و میکانیزمەکانی بخەینەڕوو .

#### ١ . ٢ . ١. جۆرەکانی ئەپراکسیا

لە باری ئاساییدا پێرەوی بەرهەمهێنانی کردە و جووڵەکان خۆی لە لێهاتووی پێکەوەهاتنی جوڵەی ماسولکەکان و فەرمانەکانیاندا دەبینێتەوە، کە بە شێوەیەکی دەزگگەرایانە کاردەکەن و تاڕادەیەك ئازادی لە بەکارهێنانیاندا هەیە ، بەڵام کاتێك ئەم پێکەوەهاتنەوەیان تێکدەشکێت بەرهەمهێنانی جووڵە ئاڵۆزدەبێت و لە کۆتایشسدا بەرهەمهێنانی کردەکە لە نێوان دوو ئەگەردا دەمێنێتەوە یان جێبەجێنابێت یاخود کەموکورتی لە جێبەجێکردنەکەیدا ڕوودەدات ، لەم پێشەکییەو دەتوانین پەککەوتنی جێبەجێکردنی کردەکان و دەرکەوتنی ئارێشەی ئەپراکسیا بۆ چەند جۆرێك دیاریبکەین ، کە سەرجەمیان لە Ortiz, K.Martin , F. (2010) وەرگیراون:

١. ئەپراکسیای بیرۆکە بزوێنەری ( Ideomotor Apraxia ): ئەم جۆرە لە ئەپراکسیا شکستهێنانە لە یادگەی سیمانتیکیدا و ئارێشەدارەکە ناتوانێت پلاندابنێت بۆ کردەیەکی جووڵەی بە واتایەکی تر ئارێشەدارەکە دەزانێت چۆن کردەکە بکات ، بەڵام ناتوانێت بە ئەنجامی بگەیەنێت بە تێڕوانینێکی تر ، کەسەکە وەها دەردەکەوێت زیاتر گریمانەیی بێت وەك لەوەی کردەیی و بیرۆکەکانی هەیە، بەڵام جووڵەکانی لەگەڵ بیرۆکەکانیدا بەیەکەوەنایەنەوە پەیوەست بە زمانەوە گرفت لە پێکهاتەی پێرەوی کردارەکانیاندا هەیە و یەکێك لە هەڵەکانیان دانانی کاتە لە ناو ڕێکخستنی کرداردا لێرەشەوە زمانی کوردی بە دوو دیوی کار لەم ئارێشەیە دەکات :


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ا. ساناكردنەوەی چەمكی دانانی كات : لەو كردارانەدا دەردەكەوێت ،كە كات تێیاندا تواوەتەوە و وەك پێكهاتەیەكی كردارەكەیان لێهاتووە بۆ نموونە ( دێت ، هات ، ڕۆشت ، چوو ، دەچم ، ...هتد ) بە گشتی كردارە سادەكان دەگرێتەوە ،كە كات بەشێوەیەكی لەحیمبوو پێوەیانە یان بەهۆی مۆرفیمێكەوە دەردەكەوێت .

ب. ئالۆزكردنی چەمكی دانانی كات : ئەم بارە هەموو ئەو كردارانە و تافەكانیان دەگرێتەوە ،كە بە زیاتر لە مۆرفیمێك دەنوێنرێن بۆ نموونە ( هاتبوو ، دەهاتەوە ، بهاتبایەتەوە ....هتد).

لەلایەكی ترەوە ئەم ئارێشەیە وەك هاریكارینەكردنی ئەركی ئەژماركراوە و ئەمیش چەند چەشنێكە

أ. ئەپراكسیای كۆبوونیادی (Constructional Apraxia ) : ئەم چەشنە لە ئەپراكسیا ناتوانێت قاڵب و شێوە بدات بە بابەتەكان و وەهاش پێناسەكراوە ،كە ئارێشەداران ناتوانن بونیادی شتێك بكەن واتا چەشنێكی تایبەتە لە گەشەنەسەندنی ڕێكخستن و پێكەوەهاتنی چالاكی و ئارێشەدارەكە ناتوانێت شێوەی بەیەكەوە بەستنی پارچە بچووكەكان پێكەوە دیاریبكات و لە هەمانكاتدا ناتوانن بە شێوەیەكی بەردەوام شێوە بنەخشێنن یان لەسەر تەرزێكی دیاریكراو ناتوانن بمێننەوە ، ئەمانە لە ڕووی زمانیشەوە كێشەی خوازەی زمانیان زۆرە و ئەو وێنە واتایانەش كە ئالۆزن كەمتر تێگەیشتوون . هەندێكجار ئەپراكسیا لە ئەركی بزوێنەری وێنەی ئاوەزدا دەردەكەوێت ئەمەش وەك دەستپێداگەیشتنی پرۆسەكانی كردەكانی خۆئامادەكردن و لاسایكردنەوە ، كەلەسەر بنەمای كۆمەڵێك دەماری كێشەدارن و ناتوانن وێنەی جووڵەكان بە ئەنجامبگەیەنن . ئەم چەشنە لە ئەپراكسیا ڕۆڵی فیدباك دیاریدەكات لە نەمانی جووڵەدا و هەندێك جووڵە ، كە نامێنێت پەیوەندی بە نەمانی وێنەی فیدباكەكانیانەوە هەیە بۆیە گرانترین پرۆسە و كردەیەك ئەنجامی بدەن ئەوانەن ، كە بە چاوی داخراوەوە دەیكەن بۆ نموونەلاسایكردنەوەی دەنگی كەسێكی تر ئاسانترە لەوەی خۆی قسەبكات .

ب. ئەپراكسیای گەیاندن conduction Apraxia: لەم چەشنەدا لایەنی زارەكی و فەرمانكردنی زارەكی لە لاسایكردنەوە باشترە و لە هەندێك ئارێشەداریشدا ئەم هاوكێشەیە بە پێچەوانەوەیە واتا لاسایكردنەوە بەهێزترە لە كردەی زارەكی سەربەخۆ و هەربۆیە بەم جۆرەی دووهەم دەگوترێت ئەپراكسیای لاسایكردنەوەی بینراوvisuo-imtative apraxia ، كە هەندێكجار لاسایی واتایی ئاماژەیەكی بێواتا دەكەنەوە و ناتوانن لاسایی واتای ڕەوان بكەنەوە واتات دەتوانێت لاسای ئەو بارانە بكاتەوە ،كە لێیان تێناگات

٢. ئەپراكسیای چەمكییانە (Ideational/ conceptual apraxia ) : لەم بارەدا خودی چەمكەكە توشی گرفت دەبێت و بێواتایی و گەشەنەسەندنێك لە كردەكەیدا ڕوودەدات و ڕیزبەندی جێبەجێكردنەكەش ناپارێزێت بۆ نموونە( لە كاتی پێڵاو لە پێكردندا پێڵاوەكە لە پێدەكات پاشان گۆرەوی یان دەرنەفیز بەكاردەهێنێت لە بری قەڵەم ، فڵچەی دەمودان لەبری شانە بەكاردەهێنێت...هتد) پەیوەست بە زمانەوە ڕیزبەندی هاتنی ( كەس و ڕووداوەكان ) هەروەها بەستنەوەیان بە ( ئامرازە لێكدەرییەكانەوە ) بە پێی واتاكانیان گرفتی سەرەكی ئارێشەدارەكان دەبێت بۆیە ئەم جۆرە ئەپراكسیایە بەشێوەیەكی توند كاردەكاتە سەر وەرگرتنی زمان و تێگەیشتن پاشان دەربڕینی ، چونكە ڕیزبەندی كردەكان پێویستە بۆ بەكارهێنانی بابەتەكان بە شێوەیەكی ڕاست و لەدوایەك هاتوو بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا هاتنی یەكبەدوایەكی جێناوەلكاوەكان بۆ ئەم چەشنە ئەپراكسیایە گرفتێكی گرانە چ لە دەربڕیندا بێت یاخود لە تێگەیشتندا ،بەڵام لە هەمانكاتدا یارمەتی ڕستە ئالۆزەكان دەدات بۆ ئەوەی ڕیزبەندییەكیان بداتیّ بەهۆی شێوەی بەستنەوەی كردارەكانەوە :

٢. أ. كوشتمن ( من ئەوانم كوشت)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ب. كوشتنم ( لای ئەپراکسییەك جێکەوتەی جێناوەکان بەهۆی لادان لە ڕیزبەندی چەمکی گرفتی تێکەوتووە و واتای ڕستەی (ا)

نادات ، بەڵکو جگە لەواتای کردارەکە سەرجەمی بکەر و بەرکار شێواوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی ، کە پێی وایە

پارچەکانی کردار لە دوای یەکدەدرێن)

پ. چەقۆکەم لێدا و کوشتم .( بەستنەوە و ڕیزبەندی تەواو)– ئەگەر ئارێشەدارەکە بتوانێت فۆرمەکە وەك قاڵبێکی چەسپیوو بەکاربهێنێت )

ت. چەقۆکەم کوشتم و لێدا .( گەیاندنی واتای بکەر و بەرکار لە ڕێگەی جێناوەکانەوە ئەگەر چی کەرەستەکان بۆ ئەپراکسێك ناڕێکخراوە ، بەڵام بەهۆی بەستنەوەی جێناوە لکاوەکان بە کردارەکەوە ڕێگە بە ئەپراکسێك دەدات واتایەکی نزیکەی ببەخشێت)

ز. کوشتم ، چەقۆکەم لێدا .( ڕستەیەکی لێکدراوی واتا بەخش لە باری ئاسایدا)

ر. کوشتم و چەقۆکەم لێدا .( بۆ ئەپراکسێکی چەمکی ئەم ڕستەیە واتای ڕستەی (پ) دەگەیەنێت لەکاتێکدا هەرچەند کردەی کوشتنەکە (من) ە و جێناوە لکاوەکە دیاریکردووە ، بەڵام هەمان واتای ( پ) نییە بۆ کەسانی ئاسای ، کە گوێگرن ، چونکە ڕستەکە بەو واتایە دێت ،کە بەرکارەکە بەهەر هۆکارێکی تر بێت کەسی یەکەم کوشتوویەتی و دواتر واتا دوای مردنەکەی چەقۆی لێداوە بۆیە ، گرفتی چەمکی لە ڕیزبەندی ڕستەکەوە لەلای ئارێشەدای ئەپراکسیای چەمکی لە لێکجیانەکردنەوە و ڕێکنەخستنی چەمکییانە دروستدەبێت).

بە شێوەیەکی گشتی بوونی یەك کردار لە ڕستەدا بۆ ئەم ئارێشەدارانە ئاسانترە وەك لە ڕستەی ئاڵۆز، چونکە ئەمان پێویستیان بە جێکەوتەی یادگەیی زیاتر دەبێت لەگەڵ سەرچاوەکانی سەرنجداندا ، هەرچەندە ئەم سادەیی ڕستانە ئەوە ناگەیەنێت ،کە کەسانی ئەپراکسی چەمکی هەڵە ناکەن تێیدا ، بەڵکو خودی ئەم جۆرە ئارێشەیە دەبێتە هۆی هەڵە دروستکردن لە چەندین هەنگاودا ، ئەمەش بەو واتایە دێت ،کە لە ئەپراکسیای چەمکییانەدا گرفت دەکەوێتە پێڕەوی چەمکیی کردەکان لە یادگەی سیمانتیکیدا و هەندێکجار ئەم گرفتە لە نابەجێیی بەکارهێناندا خۆی ببینێتەوە نەوەك هەڵەکردن لە ڕیزبەندیدا بۆنموونە وەك هەڵە هەڵبژاردنی بەکارهێنانی کردارەکان لە ناو دەوروبەرە زمانیی و کۆمەڵایەتییەکاندا .

٣. ئەپراکسیای تەرزی ڕێکردن (Gait Apraxia ) : کردەی ڕێکردن و بەڕێوەڕۆشتن لە هەموو بوونەوەرەکاندا خاوەنی تەرزێکی تاکگەرایانەیە هەرچەندە تایبەتێتی گشتی کۆیاندەکاتەوە ، کاتێك ئەپراکسیا توشی تەرزەکانی ڕۆشتن دەبێت کەسەکە توانای ڕۆشتنی نامێنێت یان ڕشەوتێکی تایبەت بە خۆی دەبێت

٤. ئەپراکسیای جووڵەی پەل ( Limb-Kinetic Apraxia ) : جوڵەی لەخۆوەیی ئەندامەکانی لەش لەم جۆرەدا لەکاردەکەوێت ، بۆ نموونە کەسێك ئەم جۆرە ئارێشەیەی هەبێت گرانە بۆی تەنانەت دەست ڕاوەشێنێت و سڵاوبکات .

٥.ئەپراکسیای جووڵەی چاو ( Oculomotor Apraxia ) : گرانی لە جووڵەی چاودا دروستدەبێت بەتایبەت ئەو جووڵانەی چاو کە وا دەکەن ئامانجێك بەباشی ببینێت و سەرنجی لەسەردابنرێت ئەم جۆرەلەگەڵ ئەگنۆزیای بینیندا تێکەڵدەکرێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

٦. ئەپراکسیای ئاخاوتن (Apraxia of Speech ) : بەهۆی گرانی لە پلاندانان و هاریکاریکردنی ناوچە بزوێنەرییەکاندا ڕوودەدات لەکاتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا، هەربۆیە ئەوانەی ئەپراکسیای ئاخاوتنیان هەیە ناتوانن دەم و زمانیان باش بەکاربهێنن و بە چەشنەکەشیان دەگوترێت ئەپراکسیای گەشەسەندوو Developmental Apraxia

چەندین جۆری تری ئەپراکسیا دیاریکراوە لەوانە ( ئەپراکسیای ئەگرافیا , ئەپراکسیای جل لەبەرکردن ، ئەپراکسیای ئاوێنەی واتە کەسەکە لە ڕێگەی ئاوێنەوە ناتوانێت دەستی بە شتەکان بگات ، بەڵام لەبەر سنووری لێکۆڵینەوەکە پێویست نەبوو شیکردنەوەیان لەسەر پێشکەشبکرێت .

### ١. ٢. ٢ . ئەپراکسیای زمانیی ( مۆدێل و چەشنەکانی)

ئەپراکسیای زمانی لە لایەن سترینساڵ (1871)Strinthal پێناسەکراوە پاش تێبینیی کردنی کۆمەڵێك لە ئاریشەدارانی ئەفاژیا " ( ئەفاژیا) ئاریشەیەکی تەنیا نییە ، بەڵکو پەککەوتنی توانستی پێکەوەیی زارەکیی و نازارەکیی لەگەڵدایە " هەربۆیە سترینساڵ Strinthal(1881 : 458) پێشی وابوو " ئەپراکسیا شێوەیەکی بەرفراوانبووی ئەفاژیایە بە ئاراستەیەکی تردا ئەفاژیا فراواندەبێت بۆ نەتوانینێکی گشتگیر لە تێگەیشتنی هێماکاندا ، کە ئەم تێنەگەیشتنەش چۆنێتییەکەی ناڕوونە" و پێش ئەم تێڕوانینەش وەها لە ئەپراکسیا ڕوانراوە ،کە ئیفلیجی هزریMind-Palsy بێت ، کە بە پێی گۆڵدنبێرگ Goldenberg,G.(2013:1) وەها خراوەتەڕوو "ئەم چەمکە پشتبەستوو بووە بە بنەمای دەزگاگەرای ( کە بە زاراوەی پەیوەندکارەکان connectionist ناسراوە )بە پێی ئەم بۆچوونە جووڵەکان وەك وێنەی یادگەیی Memory images هەڵدەگیرێن " و لە وێنەی یادگەییدا هەستەکان و جوڵەکان یەکسانن لە پەیوەندیکردن و هاریکاریکردندا ( کە ئەمانیش لە نەستدان) ، بەم پێیە لە ئیفلیجبوونی هزریدا کاتێك دەویسترێت هاوسەنگییەك ڕووبدات تەنها وێنەی یادگەیی هەستی لە ئاگای وێنە ئاوەزییەکاندا دەردەکەوێت و کاتێك دەویسترێت بکرێت بە جووڵە ئەوا دەبێت لە ڕێگەی پرنسیپی خودە–بزوێنەرییەوە Idio-motor Principle بێت بەم کردەیەش دەگوترێت ئاڵوگۆڕکردن Shifting، بەڵام لە باری ئیفلیجبوونی هزریدا ئەم ئاڵوگۆڕکردنە ڕوونادات و لە ئاکامدا ئەپراکسیا ڕوودەدات ، ئەم تێڕوانینە فیزیۆلۆژییە ،چونکە وێنەی یادگەی جێیێ بەجێدەهێڵێت لە هەستکردنی ناوچەی توێژاڵی مێشکدا و ئەو کاتانەی ئەم پەیوەندییانە تێکدەچن تێکچوون لە شوێنەواری وێنەکان و گواستنەوەشیاندا بە نێو خانە و فایبەرە (دەمارە گەیەنەرەکان)یشدا دروستدەبێت .

لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا وەها پێناسەی ئەپراکسیا کراوە ،کە نابینای هێمای بزوێنەری( Motor Asymbolia ) بێت و فینکلبێرگ Finkelburg پێی وابوو بریندابوونی ناوەڕاستی مێشك زۆربەی کات دەبێتە هۆی پچرانی پەیوەندی و کارلێکردن لە نێوان کۆمەڵێك لە ناوچەکان و ئەمانیش لە خزمەتی لجولێودا نابن و دواتر ئەوەیان خستەڕوو ،کە تەنها ئەم لێکدانەوەیە نابێتە هۆی لە دەستدانی ئەرك و نابینای ڕەمزی , بەڵکو وەها لێکدەدرێتەوە ،کە پەشۆکاوی سەرجەم تۆڕەیاریدەدەرەفایبەرەکان ، کە پەیوەندییان هەیە بە توێژی مێشکەوە و کاریگەرییان هەیە لەسەر وێنەی یادگەی دروستدەبن ، ئەم پێناسەیە لە لایەنی سایکۆلۆژی بیر و زمانەوە داهێنراوە نەك بەهۆی شیکاری خانەی دەماری لە کاتێکدا ویرنیکا دەیویست بەرگێکی ئاوەزداری فیزیۆلۆژی بدات بە دیادەکە ، کە بە نەمانی ئەرکەکان نابینای هێمای دروستدەبێت و ئەمەش وا دەکات هێماکان بسرێتەوە .

مێنرێت(1889:270) Meynert دەڵێت:" کۆمەڵێك جێکەوتە لە توێژاڵدا تایبەتمەند دەبن بە یەك شت و ئەمیش دەبێتە بابەتی نەست ئەویش بەهۆی لاسایکردنەوەی هەستی دەبێت لە دەستدانی هەر هەموو ئەو تایبەتییانەی دەبنە دەرخەری شتەکە ، کە پێی دەگوترێت نابینای هێمای و ناسینەوەی تایبەتییەکانی شتەکەش لەگەڵ درکپێکردن هاریکارە لەگەڵ بەکارهێنانی شتەکە و

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نابینای هێمای بەمەش ئارێشەدارەکەش ناتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو شتەکە بەکاربهێنێت و وێنەکانیش لێل دەبن و بە ئاسانی دەستپێداگەیشتوو نابن ".

لیپمان Liepmann (1908) زاراوەکەی گۆڕی بۆ پەککەوتنی پەل (Limb-kinetic apraxia) و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو بۆ ناساندنی ئەپراکسیا و دیاریکردنی مۆدێلەکانی ، کە پێی وابوو ( لەقاڵبدانی جووڵە )یە و چەند شتێك لە خۆی دەگرێت لەوانە (کات – شوێن – شێوە (وێنە)) لەمەشەوە وێنەی جووڵە دەگرێت و دەیگوێزێتەوە و دەیکات بە تەرزی داهێنراو و نوێبوونەوە و جێکەوتەی پەلەکان بە پێی ئاڕاستەی بیرۆکەکە دادەنێن ، پاشان دارلی زاراوەی ئەپراکسیای ئاخاوتنی بەکارهێنا وەك ئارێشەیەکی ئاخاوتنی ، کە نەتوانینی بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی زمانە بەبێ ئەوەی ماسولکەکان لە ئەرك بەجێهێنانی حۆیان کەوتبن ، لیگواردا و مارسدین Leiguarda & Marsden (2000) ئەم سێ جۆرە مۆدێلەیان دیاریکردووە :

١. بەرکەوتنی شێوە و فۆرمەلەی هەڵە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەپراکسیای چەمکیی ،

٢. گرفت و شکستهێنان لە گۆڕینی شێوەی جوڵەی بۆ داهێنانی بزوێنەری دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەپراکسیای بیرۆکەی ،

٣. لەدەستدانی یادگە ئەپراکسیای پەلەکان و جۆرەها ئەپراکسیای دیکە دروستدەکات .

بە شێوەیەکی گشتی چەند مۆدێلێك بۆ ئەپراکسیای ئاخاوتن خراوەتەڕوو لەوانە :

١. ٢. ٢. ١ .مۆدێلی بزوێنەری فێربوونی ئاخاوتن modeling Speech Motor Learning:

منداڵ لە سەرەتاکانی گرۆگاڵکردنەوە بزوێنەری ئاخاوتنی گەشەپێدەکات بەمەش کۆرپەکە فێری ( نەخشەسازی پێڕەوبەند systemic mapping) دەبێت لە نێوان جووڵەی گۆکردنی زارەکیی و ڕیزبەندی گوێگرتن ئەمەش بەهۆی خانە ئاوێنەییەکان ەوە ئەنجام دەدرێن ، کە ئەمانیش دەتوانن بەرکەوتن و هێمای بیستراو و کاردانەوەکان بۆ دامەزراوە دەمارییەکان بەدیبهێنن و دواتر یارمەتییان دەدات ئاخاوتن بەرهەمبهێنن .

٢. مۆدێلی نەخشەی تایبەتی فۆنێمەکان phoneme-Specific:

ئەم مۆدێلە قاڵب وەردەگرێت و ڕێکدەخرێت لە زمانی یەکەمدا و دواتر وردەوردە گەشەدەکات ، لە هەمانکاتدا کاردەکەنە سەر ( گۆڕینی شێوە و قەبارەی پێڕەوی گۆکردنی زارەکی) و (کارکردنی تۆڕی دەمارەخانەکان).

بە شێوەیەکی گشتی مۆدێلەکانی ئەپراکسیا خۆیان لە کۆمەڵێك بناغەی بەناویەکداچوودا دەبیننەوە لە گرنگترین ئەو بناغانە :

١. سەرەتاکانی ئەپراکسیای ئاخاوتن لە گرۆگاڵکردنەوە دەستپێدەکات ئەو کاتەی هێشتا ( پارامیتەری فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی ) بوونێکی بەرچاویان نییە ، ئەمە هەرچەندە وەك بەڵگە نەویست نییە ، چونکە مەرج نییە منداڵانی ئەپراکس لەسەرەتاوە هیچ گرۆگاڵێکیان نەکردبێت ،بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شکست و دواکەوتنی دواکەوتنی بزوێنەری و فێربوونی پەیپێبردنی بزوێنەری ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەو منداڵانەدا ، کە ئەپراکسیای گەشەسەندوویان هەیە .

٢. گرفتی سەرەکی لە جڵەوگیرکردنی بزوێنەریدا دەبینرێت بە تایبەت لەبەدوایەکداهاتنی (diadochokinetic) بڕگە سادە و ئاڵۆزەکان و لە هەمانکاتیشدا لاوازی لە پەیپێبردنی هەستەوەریدا بەدیدەکرێت .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

٣. كۆمەڵێك گرفتی بەشداربوو لەگەڵ ئەپراکسیای ئاخاوتنیدا هەیە بە تایبەت ئەوانەی لە گەشەنەسەندنی بزوێنەریدا هەن بۆ نموونە ( قسەی هەڵیتوپەڵیت و بەکارهێنانی جووڵەی دەستی وەك هاوبەشیکارێك لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی زارەکیدا).

٤. ئەوانەی ئەپراکسیای گەشەسەندووی ئاخاوتنیان هەیە گرفتیان لە بەرهەمهێنان و پەیپێبردندا هەیە لە ناسینەوەی تایبەتییە دەنگییەکانی فۆنێمەکان ئەمەش شوێن و دروستبوونی دەنگەکان و گۆکردنیان دەگرێتەوە .

کۆد (Code,C.( 1998: 47-65 دەڵێت "ئەپراکسیای ئاخاوتن وەها لێکدەدرێتەوە ،کە گەشەنەسەندنە لە کۆمەڵێك ئەرکی مێشکدا لە گرنگترین ئەو گەشەنەسەندنانە : أ. گەشەنەسەندنی پلاندانان ب. نەتوانینی ناوەکیی بوون دەستپێداگەیشتنەوەی فەرهەنگی پ. پێکەوەنەهاتنی ڕیزبەندی کردەکان "

بە پێی ئەو شیکارییە مۆدێلانەی کۆد سێ کۆزانیاریش جیادەکرێتەوە بۆ ئارێشەدارانی ئەپراکسیا ،کە ئەوانیش بریتین لە : یەکەم :کۆزانیاریی کردە و ئەرکەکانە ، کە ئەمان ڕاستەوخۆ پابەستن بە بابەت و شتەکانەوە دووهەم : کۆزانیاری کردە سەربەخۆکان لە ئامێر و بابەتەکان سێهەم : کۆزانیاری زنجیرە بەندی کردەکان بۆ نموونە :

٣. من پێڵاوە نوێیەکانی ئەوم لەبەر بارانەکە لابرد.

لە ڕستەی ( ٣) دا کۆزانیاری پابەست بریتییە لە ( پێڵاو – نوێ ) ، ( من –لابردن ) ، هەرچی کۆزانیاری سەربەخۆیە خۆی لەیەکە فەرهەنگییەکانی ( پێڵاو –باران) ، ( باران – ئەو) ، ( باران – لابردن)دا دەبینێتەوە کۆزانیاری سێهەمیش ،کە زنجیرەبەندی کردەکان پیشاندەدات بریتییە لە ( ١. بوونی پێڵاو ٢. بوونی بکەرێك ٣. بوونی باران ٤. لابردنیان بەمەبەستی تەڕنەبوون)ە ، ئەگەر لە ڕیزبەندییەکی وەك (من ئەوم لابرد لەبەرباران پێڵاوە نوێیەکانی) بوایە کێشەی ڕێزمانی بەدوایەکدا هاتنی کردەکانی لێدەکەوتەوە و مەبەستەکە ناڕوون دەبوو ، چونکە زیاتر کردەی (لابردنی ئەو لەبەرباران) ی دەگرتەوە نەك ( لابردنی پێڵاوەکان لەبەرباران) .

### ١ . ٢ . ٢ . ٢. چەشنەکانی ئەپراکسیای ئاخاوتن

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا ئەپراکسیای ئاخاوتن گرفت و گەشەنەسەندنی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنە و نەمانی جووڵی ماسولکەکانی زارەکە (Articulation) ، ئەم نەمانی جووڵەیەش پەیوەندی بە بێهێزی ماسولکەکان و ئیفلیجبوونیانەوە نییە ، بەڵکو پەیوەندی بە پلاندانانی ئەندامەکانی ئاخاوتن (Articulatory Planning )ەوە هەیە ، هەر وەك لاگانارۆ (Langanaro (2012دەڵێت " گرفتەکە لە لایەنی فۆنۆلۆژییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ داڕشتەی فۆنەتیکی و نەخۆشەکان دەزانن دەیانەوێت چی بڵێن و داڕشتەی فۆنۆلۆژیان تەندروستە و ناسینەوەی بزوێنەریشیان بێگرفتە لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی ، کە گرفتە ئەو پرۆسەیەیە ، کە داڕشتەی هێمای فۆنێمەکانی لەخۆگرتووە و ناتوانێت بیکات بە زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتووی پلان بۆدانراو ،کە لەلایەن ئامانجە بزوێنەرە تایبەتەکانەوە ئەنجامدەدرێن "لەمەشەوە جیاکارییەك لە نێوان هەنگاوەکانی پلانی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی دروستدەبێت بەو واتایەی ، کە داڕشتەی فۆنۆلۆژی دەبێت لە فۆنەتیکدا جێگیربکرێن بە هەموو ئەو تایبەتییانەی ، کە فۆنێمەکان هەیانە لەمەشەوە ئەم ئارێشەیە لەناوچوونی پێڕەوی ئاخاوتن ناگەیەنێت ، بەڵکو وا دەردەکەوێت ، کە هەڵەی ئاخاوتنیی گشتی بێت و کێش و پێکەوەبوونی فۆنێمەکان لەناودەبات و خەریکبوونێکی زۆری دەوێت بۆ جڵەوگیرکردنی زارەك (ئەندامەکانی ئاخاوتن) .

بەشێوەیەکی گشتی ئەپراکسیای ئاخاوتن دەکرێت بە دوو چەشنەوە :

١. ئەپراكسیای ئاخاوتنی گەشەسەندوو

٢. ئەپراكسیای ئاخاوتنیی بەدەستهاتوو

**١. ئەپراكسیای ئاخاوتنیی گەشەسەندوو Developmental Apraxia of Speech ( DAS)**

ئەم چەشنە پەیوەستە بە بوونی ئارێشەكە لە منداڵاندا لەسەرەتاكانی لەدایكبوونیانەوە یان لە دوای چەند هەفتەیەك پاش لەدایكبوونیان هەستی پێدەكرێت و لە ئەپراكسیای ئاخاوتنیی گەشەسەندوودا چەندین ئاستی جیاواز لە زمان توشهاتوو دەبێت و پەككەوتنەكان بە كۆمەڵێك شێوە دەبن ، چونكە كارلێكی نێوان زمان و ئاخاوتن و چەندین بار پێكەوە پەیكاڵبوون لە پرۆسەكاندا نیشاندەدات بۆ نموونە (جڵەوگیری بزوێنەری ئاخاوتن ، پەیپێبردن ، پرۆسە سایكۆ–زمانییەكان ، گەشەكردنی زمانی منداڵ لە باری هەرەمەكییەوە لەكاتی گڕوگاڵكردنەوە ، فێربوونی هەستی _بزوێنەر )لەگەڵ ئەمەشدا چەندین پژانی ئەبستراكتی فۆنۆلۆژیانە دەبینرێت .

بە پێی ماسین Massen(2002:64-65) " ئەپراكسیای ئاخاوتنیی گەشەسەندوو ڕووبەرێكی بەرفراوانی هەژموونە دەروونییە_زمانییەكان دەگرێتەوە ، چونكە بەركەوتنی لەگەڵ پرۆسە فۆنۆلۆژییە پەیپێبردنەكاندا هەیە لە ئاستە باڵاكانی پرۆسەكردندا .

پشكنین و دیاریكردنی كارێكتەری ئارێشەكە لە منداڵاندا بە هۆی چەند تایبەتمەندێتییەكەوە دیاریدەكرێت ، لە گرنگترینیان ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانێتە سەچاوەكانی Jakielski,J.K (2011:12) ، كرم نجار loughaty.com، (Smith,L (2015) :

أ. شكستی هەستەكانیان نییە ، لاوازی ماسولكەییان نییە یاخود بە واتایەكی تر ئارێشەی زارەكیان نییە ،

ب. گەشەسەندنی پەیوەندینەكردن لە ( گڕوگاڵ ، یاری) كردندا ،

پ. بوونی بۆشاییەكی گەورە لە نێوان وەرگرتن و گەیاندنی زماندا ،

ت. كەمی گەنجینەی كۆنسونانت و ڤاوڵ هەر لەبەر ئەمەشە جۆراوجۆری فۆنەتیكی لاوازە،

ح. سنوورداربوونی تەرزی ئاواز ،

ج. سنووورداری وشەی لەقاڵبدراو ،چونكە كۆنسونانتی تەنها و ڤاوڵی بێلایەن دەردەبڕن ،

چ. كەمی بەشداری ئەندامەكانی ئاخاوتن ،

خ. گرانی پێكەوەبەستنی برگە جۆراوجۆرەكان ,

د. بەكارهێنانی هێمای دابڕاو بۆ ئەركی پەیوەندیكردن ،

ر. ئەگەری هاوبەشی پێنەكردنی تەرزە گۆڕاوەكان ،

ز. گرفت لە بزوێنەری زارەكدا و پێكەوەكارنەكردنیان ،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ژ. گرفت لە دابەشبوونی هێز( سترێس)دا ،

س. کرتاندنی فۆنێم ,

ش. هەڵەی تێکهەڵوەشان و و ناهارمۆنییەت .

هەروەها کۆمەڵێك تایبەتێتی دیکە هەن وەك( نەتوانینی پێکەنین ، دواکەوتنی لێهاتووی بزوێنەری ، گران نانخواردن ، خنکان و نەتوانینی قوتدان ..هتد).

ئەم بارە لە منداڵاندا هەندێك جار بێهۆکارێکی ڕوون ڕوودەدات و هەندێکجاری دیکە پەیوەندی بە بۆماوە و ئاریشەی تری زمانییەوە هەیە وەك ( خاوێتی لە قسەکردندا ، گرفت لە فێربووندا ، پچڕانی وەرگرتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن).

**٢. ئەپراکسیای ئاخاوتنی بەدەستهاتوو Acquired Apraxia of speech**

ئەم چەشنە لە ئاریشەکە پەیوەستە بەو بارەوە ، کە تاکەکە پێشتر ئاخاوتنی ئاسای بووە ، بەڵام دواتر ئەو توانای ئاخاوتنە لەدەستدەدات یان پەکی دەکەوێت ئەمش پاش ڕووداوێك یان توشهاتنێك دەبێت لەلای چەپی مێشك بۆیە ئەم جۆرە ئاریشەیە لە زۆربەی بارەکاندا لەگەڵ ئاریشەی تردا ڕوودەدەن وەك ( ئەفاژیا ) لێکۆڵینەوەکان لە بواری ئەپراکسیای ئاخاوتنی بەدەستهاتوو ( لای هەراش)دا وایدادەنێن دوای قۆناغی کۆدکردنی فۆنۆلۆژی دەستپێدەکات و کەسی تووشهاتوو گرفتی پلانی بزوێنەری و بەرنامەی بزوێنەری دەبێت .

زۆربەی ئەو تایبەتییانەی ،کە لە ئاخاوتنی منداڵانی ئەپراکسدا هەیە لە لای هەراشیش بوونی دەبێت تەنها ئەو تایبەتییانە نەبێت ، کە پەیوەندییان بە سەرەتای منداڵی و زمانپژاندنەوە هەیە ، چونکە تاکی هەراش پێشتر بەهۆی پرۆسەیەکی ئاسای و ڕەوانەوە توانیوویەتی زمانی بپژێت ، بەڵام دواتر بەهۆی بەرکەوتن و لەدەستدانی ناوچەی بزوێنەری لەلای چەپی مێشك ئاخاوتنی پەکیدەکەوێت بەبێ ئەوەی ماسولکەکانی هیچ گرفتێکیان هەبێت یاخود لایەنی فۆنۆلۆژییان گرفتدار بووبێت .

بە شێوەیەکی تایبەتتر دەتوانین سیماکانی ئاریشەی ئەپراکسیای ئاخاوتن لەلای هەراش بەم شێوەیە بخەینەڕوو ( هەرچەندە ئەم سیمایانە لای منداڵانیش هەیە ، بەڵام لای هەراش تایبەتمەند دەبێت و سیما سەرەتاییەکانی زمانپژاندن تێدەپەڕێنێت ):

١. هەڵەی فۆنەتیکیانە : فۆنێمەکان بە شێوەیەکی تێکشکاو دەردەبڕێن ،

٢. هەڵەی دەنگی : فۆنێمەکان لە خۆیان ناچن بەهۆی ( گۆڕین ، کرتاندن و دەرنەبڕینەوە)،

٣. هەڵەکردن لە کۆنسونانتەکان : زیاتر هەڵە لە کۆنسونانتەکاندا دەکرێت بەبەراورد بە ڤاوڵەکان ،

٤. خاو دەربڕین : بڕگە درێژدەکاتەوە بە تایبەت لە نێوان بڕگە و فۆنێمەکاندا .

٥. ئاڵۆزبوونی تاکگەرایانە : بڕین و هەڵکردن لە زماندا بە شێوەیەکی تاکگەرایانە

هەندێکجار هەموو ئەمانە بە یەکەوە لەگەڵ پلاندانانی بزوێنەریدا ڕوودەدەن یاخود لەگەڵ پلانی زارەکدا ، کە هەڵەی فۆنەتیکی دروستدەکات ، لە هەموو ئەمانەیش گرفتداتر ئەوەیە ( هەڵاوێرکردنی فۆنۆلۆژی ) شکستخواردوو بێت ، لە ڕوانگەی ماسین

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


Massen(2002:64-65)سێ پرۆسەی سەرەکی پەیکاڵدەبن لە دەرکردنی ئەپراکسیادا بۆ هەردوو باری ( منداڵ و هەراش ) , کە ئەوانیش

١. بەدەستهێنانەوەی لێکسیکی

٢. کۆدکردنی فۆنۆلۆژی

٣. گۆکردنی زارەکییە .

ئەپراکسیای ئاخاوتن لە ڕووی هێزی پەککەوتنەوە دەبێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە ( سووک Mild ، ناوەند Moderate ، توند )جیاوازی نێوان ئەپراکسیای ئاخاوتن لە نێوان ( منداڵ و هەراشدا) لەوەداخۆی دەبینێتەوە ،کە مۆدێلی ئاخاوتن لای منداڵان ساکارە و لای هەراش پرۆسەیەکی ئاڵۆزترە هەروەها هەموو پێکهاتەکانی ناو مۆدێلی بەهەمهێنانی ئاخاوتن لای (هەراش) پێگەیشتوو دامەزراو و دەزگاگەرایە ، بەڵام ئەم بارە لای منداڵان پێنەگەیشتووە و نادەزگاگەرایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەراش لە دارشتەی هەڵگیراودا گرفتیان نییە هێندەی لە هەژمارەی ئەندامەکانی ئاخاوتندا گرفتیان هەیە بڕوانە هێڵکاری (٢) .




هێڵکاری (٢) جیاوازی ئەپراکسیای ئاخاوتن لە نێوان منداڵان و کەسانی هەراشدا لە ماسین Massen(2002:64-65) ەوە وەرگیراوە

بەدەر لە هەردوو ئاڕێشەی ئەپراکسیای ئاخاوتنی ( گەشەسەندوو بەدەستهاتوو) چەند چەشنێکی تری ئەپراکسیا بە توندی دەبەسترێتەوە بە ئەپراکسیای ئاخاوتنەوە ، کەئەوانیش بریتین لە :


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

١. ئەپراکسیای دەموچاو Orofacial Apraxia

٢. ئەپراکسیای شەویلگە و ڕووخسارBucco-facial Apraxia

٣. ئەپراکسیای زارەکیی Oral Apraxia

٤. ئەپراکسیای بەرزونزمی دەموچاوUpper & lower face Apraxia

٥. ئەپراکسیای لچولێو Lips Apraxia

٦. ئەپراکسیای بێدەنگ Mutism Apraxia

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەپراکسیای چەشنی یەکەم و دووهەم تەواو پەیوەستن بە ئەپراکسیای ئاخاوتنەوە بە تایبەت جووڵەکانی زارەك و هەندێك لە توێژینەوەکان باوەڕیان وایە ئەپراکسیای شەویلگە بریتییە لە ئەپراکسیای ئاخاوتن ، چونکە ئاریشەدارەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان کێشەیەکی گشتوگیری ئەندامەکانی ئاخاوتن (ڕوو) ی هەیە و جیاوازییەکەشیان لەوەدایە ئارێشەدارانی ئەپراکسیای ئاخاوتن کێشەی ئاڵۆزتریان لە دروستەی فۆنەتیکیان هەیە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەمان میکانیزمی شاراوەیان هەیە لە جووڵەی ئاخاوتنیدا و ئارێشەدارەکان دەیانەوێت هەڵە فۆنەتیکییەکانیان کەمبکەنەوە لە ڕێگەی بە هێواشی قسەکردن و سادەکردنەوە لە هەموو ئەمانەشدا بەرکەوتن و زەرەرمەندبوونی مێشك ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە جڵەوکردنی جووڵەکانی زارەکدا هەربۆیە ئەم دوو ئارێشەیە بەناویەکدادەچن و زیانپێگەیشتنیان پێکەوەیدەبێت .

## ١. ٣. جیاکاریی و ناسینەوەی ئارێشەی ئەپراکسیای زمانیی

زۆرێك لە ئارێشە زمانییەکان ،کە لە زماندا ڕوودەدەن بە تەنها نین ، بەڵکو دوو دانە یان چەند دانەیەکیان پێکەوە ڕوودەدەن و هاوکاتی یەك دەبن بە ڕادەیەك لە هەندێك باردا زۆر بە ئاستەم لەیەك جیادەکرێنەوە ، لە ڕاستیدا ئەم جیاکارییە کارێکی ناچارییە و پێویستە لە کاتی ڕاهێنانەوەدا ڕەچاوی بکرێت ، چونکە هەندێك لە هۆکارەکانی ئارێشەکان لەیەکتر جیاوازن هەر بۆیە چارەسەرکردنیشیان پێویستی بە میتۆد و ڕێگەی جیاواز هەیە ، لەبەر ئەم لێکدانەوەیەش پێویست دەکات لە سەرتاوە جیاکاری لە نێوان ئارێشەی ئەپراکسیای ئاخاوتن و ئارێشەکانی تری زماندا بکەین ، پاشان وردەکاری جیاکاری و ناسینەوەی ئارێشەکە بخەینەڕوو.

### ١. ٣. ١ . ئارێشەی ئەپراکسیای زمانیی و ئارێشەکانی تری زمان

هەموو گرفتێك لە پەیوەندیکردنی زمانیدا بریتی نییە لە ئەپراکسیا ، بەڵکو چەندین جۆری تری گرفت و تێکچوونی زمانی هەیە ، کە ڕاستەوخۆ کار لە سەر نواندنی زمان دەکەن لای تاك هەر بۆیە گرنگە لەسەرەتاوە جیاکاری بخرێتە نێو ئەو جۆرە ئارێشانە و ئەپراکسیاوە بەمەبەستی تێگەیشتن لە سروشتی ئارێشەکە .

### ١. جیاکاری ئەپراکسیای ئاخاوتن و ئەفاژیا:

یەکێك لەو ئارێشانەی لەسەرەتای درکپێکردنی ئەپراکسیای ئاخاوتنییەوە پەیپێبراوە و تەنانەت وەك یەك ئارێشە لێیانڕوانراوە بریتییە لە ( ئەفاژیا) بۆ ئەمەش هەردوو لێکۆڵەر ( بڕۆکا و ڤێرنیکا) چەندین شیکاری و لێکدانەوەیان خستووەتەڕوو ، بەڵام لە هەنگاوەکانی دواتری ناسینی ئەپراکسیای ئاخاوتندا بەتایبەت چەشنی گەشەکردووەکەی هەوڵدراوە ، کە ئەفاژیا بەدەر لە

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تێکچوونی فۆنۆلۆژی و هەڵەی فۆنەتیکی و تێکچوونی بزوێنەری بناسێنرێت ، بەڵام لەبەرئەوەی دوو گرفتەکە هاوکاتن و تێکەڵن و لەیەکجیاناکرێنەوە بە ئاسانی شیکارییەکان لەم تێکچڕژانەدا خۆیان نادەن بە دەستەوە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە لێکۆڵەران بۆ شیکارییەکانیان دەربارەی ئەفازیا پشتیان بە کۆمەڵێك سیما بەستووە لەوانە ، کەسانی ئەفازیای زیاتر لە کۆنسونانتەکاندا هەڵەدەکەن وەك لە ڤاوڵەکان ، لە پلانی زارەکدا گرفتیان بۆ دروستدەبێت ، هەرچی ئەپراکسیای ئاخاوتنە دیایدەکرێت لە نێوان هەڵەی فۆنەتیکی و سانابوونی فۆنۆلۆژیدا و وەهاش دەستنیشاندەکرێت ، کە گرفت و گەشەنەسەندنە لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا و لە ئەنجامیشدا گرفتی جووڵەی زارەکیی دروستدەبێت هەربۆیە بە پێی گولوزی (Gulluzi,G..atl (2015:64-83 گرفتە هەژمارەییە زمانییەکانیان بەسەر سێ گرفتی سەرەکیدا دابەشدەبێت

١. پلاندانانی هێواش Slaw planning ........دەبێتە هۆکاری ئاخاوتنی هێواش و لەسەرخۆ.

٢. گەشەنەکردنی پلان imprecise planner...... دەبێتە هۆکاری هەڵەی فۆنەتیکی .


٣. کەمی سەرچاوەکان lack of resource............ دەبێتە هۆکاری بڕگە بڕگەکردنی ئاخاوتن.

بەمپێیە جیاکردنەوەی ئاریشەکە لەگەڵ ئەفازیادا زۆر گرفتدارە ، چونکە هەڵەکان لە پەیپێبردنی فۆنۆلۆژیانەی دەنگەکاندایە و لە زوربەی کاتدا تەرزەکانیان پێکەڵە بە تایبەت لە هەڵەکردن لە دەنگە کۆنسونانتەکاندا هەروەها دوو گرفتی بنەڕەتی تریش هەن ، کە ئەوانیش هەڵەی فۆنەتیکی و خاوێتییە لە ئاخاوتندا وادەکەن ئەم دوو ئاریشەیە زیاتر بەناویەکدا بچن .

نارەوانێتی ئاخاوتن یەکێکە لە نیشانە باوەکانی ئەفازیا ، کە ئەمیش لە کۆمەڵێك هۆکارەوە دروستدەبێت و ئاسان نییە تەنها بەهۆی گوێگرتنەوە بناسیرێتەوە ، گرفتەکان لە بونیادی ڕستە و هێنانەوەی لێکسیکیدایە ،کە ئەمانیش ئەو گرفتانەن ، کە شانبەشانی گرفتی فۆنۆلۆژیی و ئەپراکسی تووشهاتوو ڕووبەڕووی دەبینەوە .

پێویستە وەك تێڕوانینێکی گشتیش ئەوە بزانرێت ، کە جیاوازی هەڵەی فۆنەتیکی و هەڵەی فۆنۆلۆژی لەوەدایە ، هەموو هەڵەیەکی فۆنەتیکی لە هەڵەی فۆنۆلۆجییەوە دروستنابێت ، بەڵکە هەندێکجار بەهۆی پلانی بزوێنەرییەوە دروستدەبێت ، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە شیبکەینەوە .

چالاکی فۆنێمێك و کارتێکردنی لەگەڵ ئەوانی دی





DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

**لەمەشەوە دەتوانین یاساکە بە فۆرمێکی لۆژیکی بخەینەڕوو:**

| |
|---|
| ١. ∇هەڵەیەکی فۆنەتیکی / ≡ هەڵەی فۆنۆلۆجی |
| ٢. ∇هەڵەیەکی فۆنەتیکی / ≡ هەڵەی بزوێنەری |

**لە ئەفازیادا وەها خراوەتەڕوو ، کە هەڵە دەنگییەکان وەك یەکبن بەڵام لە ئەپراکسیای ئاخاوتندا جیاوازن و لە ئەفازیادا ئاریشەداران لە کۆنسونانتەکاندا هەڵە دەکەن و نزیکدەکەونەوە لە ئامانجەکانیان و هەڵەی ڕیزبەندییان کەمترە ، بەڵام لە ئەپراکسیای ئاخاوتندا سادەکردنەوەی ئاخاوتن مۆرکێکی دیارە لە قسەکردنیاندا بەمەش فۆنیمی جۆراوجۆر دەردەکەن و زیاتر دەستیان بە فۆنێمە مارکەلێدراوەکاندا دەگات و لە شێوەی فۆنێمی مارکە لێنەدراودا دەریدەبڕن ئەم حاڵەتە لە ئەفازیای بڕۆکاشدا هەیە ، بەڵام لە ئەفازیای گەیاندندا** conduction aphasia **ئەم دیاردەیە کەمە .**

**بە گشتی بۆ ناسینەوەی ئەپراکسیای ئاخاوتن لە ئەفازیای برۆکا پێویستە چەند بنەمایەك بگیرێتەبەر لە گرنگترین ئەو بنەمایانە :**


**١. ڕێژەی هەڵە فۆنەتیکییەکان : ئەم ڕێژەیە هەرچەندە زۆرە لە گرنگترینیان لێکچوونی فۆنێمەکانە یاخود گرانییە لە هەڵبژاردندا ، گەر ئەم بارانە نەبێت ئەوا هۆکارەکەی ئەوە ئاڵۆزبوونەیە ، کە لە پلانی داڕشتەی ئەندامەکانی زارەکدا دروستدەبێت ، هەربۆیە داڕشتەکان لای ئاریشەدارەکان زۆر سادە دەبێت و کەسەکە ناچاردەبێت برگە و فۆنێمی سادە بەرهەمبهێنێت ، کە لەگەڵ ئاڵۆزی بیرکردنەوەیدا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو یەکناگرێتەوە .**

**٢. ئامادەی بەرانبەر دەرنەکەوتنی تەرزە سادەکان دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ ناسینەوەی ئەپراکسیای ئاخاوتن و دەرکەوتنی تێکچڕژانی نێوان فۆنۆلۆژی و ناسینەوەی بزوێنەری .**

**٢. جیاکاری ئەپراکسیای ئاخاوتن و دیسارسریا:**

**بنەمای بەرچاو لە جیاکاری دیسارسریا و ئەپراکسیای ئاخاوتن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ،کە هەمیشە دیاریکردنی کلینیکیانەی دیسارسریا ئاشکرا و جیاوازە ، چونکە ناوچەی تویکڵی مێشك زیانی پێگەیشتووە ، بەڵام لە ئەپراکسیادا هۆکارەکان جۆراوجۆر و نائاشکرا و نەزانراون هەروەها بۆ ئەم جیاکارییەش پشت دەبەسترێت بە تاقیکردنەوەی چالاکی ماسولکەکانی دەموچاو , کە لە ئاریشەی دیسراسیادا ئەم ماسولکانی توشهاتوون و لاوازبوون و ناتوانن بجوڵێن ، بەڵام ماسولکەکان لای ئاریشەدارانی ئەپراکسیا بوونێکی فیزیکی پتەویان هەیە و گرفتیان لە گەیشتنی فەرمانەکاندا هەیە واتا ( فەرمانی جووڵەکانیان پێناگات) بەمەش کردەی جوڵاندن و جووڵەی ڕیزبەندی جێبەجێ ناکەن .**

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص٣٤-٧١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




هێڵکاری جیاکاری نێوان ( ئەفاژیا ، ئەپراکسیای ئاخاوتن ، دیسارسریا) لە ڕۆی Roy, E.(1983a:49) وەرگیراوە

**٣. جیاکاری ئەپراکسیای ئاخاوتن و ئەگنوزیا**

ئەگنوزیا ئەو ئارێشەیەیە ، کە تووشهاتوو ناتوانێت دەستی بە کۆزانیاری سیمانتیکیدا بگات واتا ناتوانێت پرۆسەکانی پەیپێبردن جێبەجێبکات جۆرەکانی زۆرن ، بەڵام پەیوەست بە بەراوردکاری لەگەڵ ئارێشەی ئەپراکسیای ئاخاوتندا ئەو جۆرەیەتی ، کە پەیوەندی بە بینینەوە هەیە لەو پنتەدا لێکچوانەکە دروست دەبێت ، کە پرۆسەکردنی بیناییە و وەها دەردەکەوێت ، ئارێشەدارانی ئەپراکسیای ئاخاوتن کێشەیان هەبێت لەگەڵ بابەتە بینراوەکان و پەیپێبردنی هەستی جووڵە ، کە خۆی لە خۆیدا ئەم حاڵەتە گرفت دەخاتە نێو سەرجەم بوارە بینراوەکانەوە بە پێی گرین (Greene,J(2002: 517-523" ئاخاوتنی جەستەی بە دوو شەپۆل کاردەکات ، کە دەربارەی (چییە؟) یە و پەیکاڵە لەگەڵ ناسینەوەی بابەتەکان و دەکەوێتە نێوان لاجانەپل و پشتەپل ، شەپۆلی دووهەم دەربارەی (کوێ؟) یە دەکەوێتە نێوان دیوارەپل و پشتەپل و پەیکاڵە لەگەڵ پرۆسەکردنی شوێندا بەمەش پەککەوتنی بینین گرفت لە سەرنجداندا دروستدەکات "لەمەشەوە هەردوو ئارێشەکە لەوێدا وەکیەك دەبن ، کە دەستیان بە مەودا و ئاڕاستەی زانیارییە بینراوەکاندا ناگات لەمەشەوە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین (گەر گرفتی ئەپراکسەکان بریتی بێت لە گرفتی پەیپێبردنی بینین و لەمەشەوە کەسەکە نەتوانێت شوێنگەی دەنگەکان لەیەکجیابکاتەوە ئەوا بە چارەسەرکردنی پەیپێبردنی بینین کێشەکە کۆتای پێدێت) ، بەڵام لەڕاستیدا تێکەڵکردنی ئەم دوو ئارێشەیە گونجاو نییە لەبەرکۆمەڵێك هۆکار :

١. نابیناکان ،کە توانای پەیپێبردنی بینینیان نییە دەتوانن زمانێکی باش و ڕەوان بەرهەمبهێنن ،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

٢. لە تاقیکردنەوەی پزیشکیدا دەردەکەوێت ، کە کەسانی ئەپراکس ماسولکەی بزوێنەری چاویان گرفتدار نییە بە پێچەوانەی کەسانی ئەگنۆزەوە.

**١ . ٣ . ٢ . دەرکەوتەی دەماریی لە ئاریشەی ئەپراکسیای ئاخاوتندا**

هەموو ئاریشەیەکی زمانی گرفتێك یاخود پەککەوتنێکی دەماریی لە پشتە بەواتایەکی دی شکستخواردن لە ئەرکێك ( بەرجەستە یان ئەبستراکت) ی مێشکدا دەبێتە هۆی لێکەوتنەوەی کۆمەڵێك کێشە لە بواری ( فیزیکی) یان( ئەبستراکت) ی جەستەدا لەناو ئەو گرفتانەشدا ئاریشەی زمانی دروست دەبێت ، پەیوەست بە ئەپراکسیای زمانیشەوە ،چەندین بۆچوون هەیە لەسەر شێوەی هەڵکەوتنی مێشك و بەرکەوتنەکانی ، کە هەریەکەیان بەشێوەیەك ئەم ئاریشەیە دروستدەکەن .

لەگەڵ ئەوەی هۆکارەکان زۆرن لە ڕوانگەی دەمارییەوە بۆ دروستبوونی ئەپراکسیای ئاخاوتن ، بەڵام هەموویان پەیوەندیان بە بەشی لای چەپی مێشکەوە هەیە و بە تایبەتیش ناوچەی بزوێنەری لە مێشکدا .

بە پێی ڕوونکردنەوەکانی ڤارلی و پاشان ستراند Varley, R and Whiteside, S. (1998) Strand , E(2007) یارا قادر احمد (٢٠١٤)"لە بەشی لای چەپی مێشکدا ناوچەوانە پڕ بەرپرسە لە بڕیاردان و پلانی بزوێنەری ، پشتەپڵ ئەرکی وەرگرتن و پەیپێبردنی زانیارییە هەستییەکانی هەیە لەلایەکی ترەوە لاجانەپڵ ئەرکی وەرگرتنی زانیاری دەنگیی و تێگەیشتن لە ئاخاوتنی تێدایە لەمەشەوە گرفت لەم ناوچانەی مێشکدا دەبێتە هۆی کۆمەڵێك گرفت لە زمانیشدا بەتایبەت ئەو لایەنانەی پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنەوە هەیە ، بۆ نموونە کۆنترۆڵکردنی بزوێنەری ئاخاوتن ، ، کە دەکەوێتە ناوچەوانە پڕ تووشی گرفت دەبێت بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و جووڵەی ئەندامەکانی زارەکیش ، کە بەهۆی جڵەوگیرکردنی بزوێنەری ئاخاوتن Speech motor control دەستی بەسەردا دەگیرێت لەگەڵیدا تووشی جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانیان دەبن ، چونکە کاتێك شتێك دەجووڵێت هەستەوەرەکان بە مێشك دەڵێن (چی ) دەبێت بجووڵێت و بە چ ئاراستەیەکدا و بە چ گوڕێك و چەند ماسولکەشی پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە نەك تەنها مێشك ، بەڵکو مێشکۆکە و ناوچەی وەچە تویژەکان (Basal ganglia)و سالامۆس (Thalamus)یش بەشداردەبن لەم ئەرکەدا و کردەکە بەهەموو ئەم ناوچانە و بە ناوچەی پلاندانانی بزوێنەریشدا دا تێپەڕدەبێت ، ئەمەش لەبەرئەوەی ناوچەی پلاندانانی بزوێنەری (پلان و جووڵە ، فراوانی هەست ، خێرایی جووڵە ، هێز ، ئاڕاستە و پلەی تێوەگلانی ماسولکەکان ) هەڵدەسەنگێنێت" .

لەڕاستیدا ئەو زانیاریانەی بۆ ئەو بەشانەی مێشك (پێشتر ئاماژەمان پێدا) دەگوێزرێنەوە پەیامێك دەنێرن بۆ لاکێشەمۆخ پاشان دواتر بۆ ماسولکەکان پەیوەست بە ماسولکەکانی دەموچاو و سییەکانەوە بەهۆی تەوەریدەماەخانەکانەوە فەرمانەکە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوکی خانەکان لە لاکێشەمۆخدا و ئەمانیش سەرلەنوێ پەیامەکە تێکەڵاودەکەنەوەو دایدەڕێژنەوە دوای ئەمە پەیامێکی تایبەت دەنێرن بۆ ماسولکەکان بۆ ئەوەی دەستبەکاربن و کردە داواکراوەکە جێبەجێبکەن لە باری ئەپراکسیای ئاخاوتندا فەرمانەکە ناگات بە ماسولکەکان و لەو ڕێچکەیەی ،کە پێیدا تێپەڕدەبێت ( لە مێشکەوە بۆ لاکێشەمۆخ) گرفتی تێدەکەوێت .

لایەنێکی تری دیاریکردنی ئەپراکسیای ئاخاوتن دەگەڕێتەوە بۆ بۆهێڵی (FOXP2 ) , بەهرە محمد عبدالکریم (١١٥: ٢٠١٥) دەڵێت " ئەم بۆهێڵە بەگشتی دیاریکراوە بۆ هەموو چالاکییەکانی زمان و لەسەر کرۆمۆسۆمی حەوتە لە شریتی DNA دا " .

**١. ٣. ٣. سیمای دركپێکردن لە ئاریشەی ئەپراکسیای ئاخاوتندا**

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دركپێكردنی مرۆڤ پێرەوێكی ئاڵۆز و بەناویەكداچووە بە ڕادەیەك بنەماكانی تێكەڵ بە هەموو كردە ، جووڵە و تەنانەت پرۆسە ئەبستراكتەكانیش دەبێت و بە جۆرێك لە جۆرەكان هەژموونی خۆی لەگەڵ هەژموونەكانی تردا ( سایكۆلۆژی ، دەماری ، بایەلۆژی...) تێكەڵدەكات و لەمەشەوە پرۆسەكانی ئاخاوتن بەشێكی گرنگی لێكۆڵینەوەی پێرەوی فراوانی دركپێكردنە ، كە بە پێی ستراند Strand, E.(2007) ئەم لایەنە ڕوونكراوەتەوە :**

| | **پرۆسەكردنی ئاخاوتن** | |
|---|---|---|
| **هزرگەرای** Ideation | **نییەتی پەیوەندیكردن**<br>communication Attention | **دركپێكردن** cognitive |
| **زمان**Language | **هێنانەوەی وشە( دەستپێداگەیشتنەوە)** Access<br>**نەخشەی فۆنۆلۆژیانە** Phonological mapping<br>**ڕستەسازی / ڕیزبەندی ڕێزمانی** | **زمانیی**Linguistic |
| **پلانسازی بزوێنەری** Motor Programming | **تایبەتێتی پارامیتەرەكان**<br>**مەودای هەستەكان**<br>**بەهێزیان**<br>**ئاڕاستەیان**<br>**خێراییان**<br>**پلەی دەستبەكاربوون و تێوەگلانی ماسولكەكان** | **بزوێنەری – كارەكی**<br>Motor-Praxia |
| **دەركردەی ئەكوزەتیكی**<br>Acoustic Output | **جێبەجێكردنی جووڵەكە** | **بزوێنەری_جێبەجێكردن**<br>Motor-Execution |


**خشتەی (١) تێكەڵاوبوونی دركپێكردن لە پرۆسەكانی ئاخاوتندا**

**بە پێی خشتەی (١) سەرەتاكانی ئامادەكردنی هزر بۆ دەربڕینی بیرۆكەیەك بە پرۆسەكانی دركپێكردن دەستپێدەكات و هەر گرفتێك لەم ئاستەدا ڕوویدات هێنانەوە و دروستكردنی ڕستە نەشیاودەكات ، لەبەرئەوەی ئەپراكسیای ئاخاوتن پەیوەندی بە بزوێنەری كارەكی و جێبەجێكردنەوە هەیە ،كاتێك لەبنەمای دركپێكردنەكەیەوە گرفتدروست دەبێت تەنگژەی جێبەجێبوونیان دەستپێدەكات هەر لەبەر ئەمەشە یەكێك لە هۆكارەكانی دروستبوونی ئارێشەكە بۆ بنەمای دركپێكردن دەگەڕێتەوە .**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ص٣٤-٧١ المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵە ناسینەوەی بابەتەکان misrecognition لەگەڵ هەڵە ناسینەوەی هێمادەربڕاوەکان واتا کەسی ئەپراکسی ئاخاوتنی لە بابەتەکان تێدەگات و وەك هەموو تاکێکی ئاسای لەکردەی لێکتر تێگەیشتن دەتوانێت بیربکاتەوە و هێماکان تێبگات ، بەڵام گرفتەکەی لە ناسینەوەی هێمادەربڕاوەکاندا هەیە ، چونکە ناتوانێت شوێنی دروستبوونیان دیاریبکات و خۆی ڕێکخستنەوەیان بۆ ئەنجامبدات ، هەروەك لە هێڵکاریی ( ٣ ) دا خراوەتەڕوو .




هێڵکاریی ( ٣ ) لە ڕۆسی Rothi,L.(1991) و گۆڵدنبێرگ Goldnberg,G.(2013:92)وەرگیراوە

**٢. تەونی سایکۆ_زمانیی ئاریشەی ئەپراکسیا**

سایکۆلۆژیای زمان هەوڵدەدات شیکاری بۆ زمان بکات لە ڕوانگەی چۆنێتی کارکردنی چەمکەکان لە ئاوەزدا و قاڵبگرتنیان لە چێوەی واتا و دواتر کردنە دەرەوەیان لە شێوەی فۆرمدا بۆ ئەمەش لە چەندین (پرۆسەی شاراوە ، کارکردنی یادگەکان ، کارکردنی کۆئەندامی دەمار و هەژمووونی درکپێکردن ....هتد) دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سروشتی زمان شیبکاتەوە و لەهەمانکاتیشدا یارمەتی تێگەیشتن لە ئاریشەکان بدات لەرێگەی پەسنکردنی زمانی ئاسایی و دۆزینەوەی هۆکار و کەموکورتییەکان لەلای ئاریشەداران بەمەبەستی خستنە بەردەستی چارەسەر و ڕاهێنانی زمانی گونجاو بۆیان ، گەران بە دوای ئاڵۆزییە بەناویەکداچووەکانی زمان نهێنی کارکردنی زمان پیشاندەدات بەمەش دەروازەیەك دەکرێتەوە بۆ بەهێزکردنی پەیپێبردن و فێربوونی شایستە جا ئەم فێربوونە زمانییە بۆ کەسانی زمان سانا بێت یاخود ئاریشەدار لە پنتی یەکەمدا ئەوە گرنگە ، کە زمان چۆن پێرەوەکەی گەشەدەکات و خۆی دادەمەزرێنێت و پاشانیش ئامانجەکانی دیکە دێن وەك فێربوونی زمانیی کارا و ڕاهێنان و مەشقپێکردنی کەسنی ئاریشەداری زمانیی ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە بنەمای سەرەکی لە زانستدا ئاشکراکردنی سروشتی بابەتەکانە و دواتر فێربوون و گواستنەوە و سوودلێبینینی زانستەکەیە لە بوارەکانی تردا هەر ئەمەشە ، کە زانستی زمانی دەروونیی و کاری لەم جۆرە خۆی پێوەخەریکدەکات و بە پێویستی دەزانێت ، کە لە چەندین ڕەهەندی بەیەکداچوو وەك تەون لەم ئاریشەیەش بکۆڵێتەوە.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص٣٤-٧١

**٢. ١. دياريكردنى سايكۆ_زمانييانەى ئەپراكسيا**

**ئاريشەى ئەپراكسياى ئاخاوتن وەك هەموو ئاريشەكانى ترى زمان ڕەهەندى سايكۆ_زمانى خۆى هەيە و يەكێكە لە گەشەنەسەندنە تايبەتەكانى زمان ، هەربۆيە پێويستە لە ڕێگاى بنەما و پرۆسەكانى سايكۆلۆژياى زمانييەوە ئەم ئاريشەيە ڕوونبكرێتەوە و ڕادەى گرفتداربوونى يادگەكان و پرۆسەكانى فێركردن شيبكرێنەوە لە گرنگترين ئەو ڕەهەندە سايكۆ زمانيانە ( يادگەكان ، پرۆسەكانى هەڵگرتن و بانگكردنەوە ، فێربوون و فێركردن ، بەرهەمهێنان و تێگەيشتن) .**

**٢. ١. ١. ڕۆڵ و شكستى يادگەكان لە دياريكردن و ناسينەوەى ئاريشەى ئەپراكسياى ئاخاوتندا**

**سێ پرۆسەى سەرەكى لە ناو يادگەكاندا جێبەجێدەبێت بۆ هەر زانيارييەك ، كە مرۆڤ جێگەى سەرنجى بێت ئەوانيش ( گەنج_هەڵگرتن ، كۆدكردن ، گێڕانەوە) ن ، بەڵام لەبەرئەوەى هەريەك لە يادگەكان بە توانا و كاركردنى جياواز ئەركەكانيان بەجێدەهێنن بۆيە گرفتداربوون و جێبەنجەشيان لەسەر ئاريشەكان لە ڕێگەى ئەم سێ پرۆسەيە جياوازدەبێت و هەريەكەيان بە شێوە و ڕادەى جياواز تێكەڵ بە ئاريشەكە دەبن :**


**١. يادگەى هەستى**

**بۆ وەرگرتنى زانيارييەكان لە ژينگەوە سەرەتا پێويستيان بەوەيە ڕووبەڕووى يادگەى هەستى ببنەوە و لە ئەنجامى گرنگى و جێگەى سەرنجيان ئەم يادگەيە هەڵدەستێت بە گواستنەوەيان بۆ يادگەكانى تر و پاشان هەڵدەگيرێن بە شێوەيەكى سانايانە ئەم يادگەيە دوو جۆر زانياريى هەڵدەگرێت ( وێنەى و دەنگى) و بڕى خاياندنەكەشى كەمە و زانيارييەكە زوو خامۆشدەبێتەوە گەر جێگەى سەرنج نەبێت ، لەلايەكى ترەوە ئەم يادگەيە تەنها زانيارييەكان ناگوازێتەوە بۆ يادگەكانى تر ، بەڵكو خۆشى لە توانايدايە هەندێكجار دەتوانێت بۆ ماوەيەكى كەم زانيارييەكان بهێنێتەوە پەيوەست بە ئەپراكسياى ئاخاوتنەوە ئەم لايەنەى ئەم يادگەيە لە بارى فێركردن و ڕاهێناندا كاريگەرييەكەى دەردەكەوێت ، چونكە ئەو برگە و وشانەى فێرى ئاريشەدارەكە دەكرێن زوو دەيانهێنێتەوە ، بەڵام هەر بەو خێراييەش بيرى دەچنەوە و ئەم حاڵەتەش پێى دەگوترێت ( بەتوتيبوون) ئاڤێستا كەمال ( ٢٠١٢: ٩٤), ڕاستى ئەم بۆچوونەش لە كەيسى وەرگيراو و شيكردنەوەكان بۆى لە پارى (٢. ٢ ) دەردەكەوێت .**

**٢. يادگەى كورتخايان**

**بادلى (2000) Baddeleyدواى ئەوەى يادگەى كورت_خايانى وەك يادگەى ( كاركەر ) ناساند زيادكراوێكيش خستەسەر شيكردنەوەكانى بۆ ئەم يادگەيە و كردى بە چوار بەشى سەرەكييەوە ( ناوەندى ڕێكخستنى لێهاتووييەكان ، سكێچى بينين ، بازنەى فۆنۆلۆژى و پارچەكردنى ڕێوشوێنى ) . لەم ئاريشەيەشدا پەيوەندى نێوان يادگەى كاركەر و بزوێنەرى پلاندانەرى ئاخاوتن بەناويەكداچووە بە جۆرێك لە جۆرەكانيش پەيكاڵە لەگەڵ پرۆسەكانى زارەك و كۆگاى فۆنۆلۆژيانە لە بزوێنەرى پلاندانەرى ئاخاوتندا .**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2




**هێڵکاری (٤) لە مۆدێلی یادگەی کارکەری بادیلی (٢٠٠٠ ) ەوە وەرگیراوە**

ناوەندی ڕێکخستن بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی هەردوو چالاکی (هەڵاوێرکردن و هەڵبژاردنی ستراتیژە لەبرییەکان لەکاتی بیرهاتنەوەی بابەتێکی هەڵگیراو ) لەگەڵ (خامۆشکردنەوە و لابردنی سەرنج لەسەر بابەتەتێکی هەڵگیراو) ، کە لە لایەن بزوێنەرێکەوە پێشکەشدەکرێن ، لەلایەکی ترەوە سکێچی بینین وەك پێڕەوێکی گشتگیر و دەستبەسەراگرتوو وایە بۆ زانیاییەکانی دەربارەی شوێنن واتا دەستی گرتووە بەسەر بەرهەمهێنان و شوێنی زانیارییەکان لەکاتێکدا زنجیرەی فۆنۆلۆژی وەك بازنەیەکی دووبارەبووەوە هەڵدەستێت بە لێکدانی فۆنیمەکان لە زماندا و جێپێی دیاریکراوی خۆیان بۆ سازدەکات بەمەبەستی دروستکردنی برگە و وشە و ڕستەی پێڕەوبەند هەر لەبەرئەمەشە لە ئارێشەی ئەپراکسیادا ئەم لایەنەی یادگەی کارکەر یارمەتیدەر دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ڕاهێنانی ئارێشەدارەکە ، چونکە بە پێی ئۆرتز و مارتن ((Ortiz,K& Martin , F( 2010: 63-68 پەیوەندی گرنگ هەیە لە نێوان یادگەی کارکەر و یادگەی درێژخایان و ئەم پەیوەندییەشیان پەیوەستە بە ئەو دووبارەبوونەوە فۆنۆڵۆژییەی ، کەلە بازنەی فۆنۆلۆژیدا دروستدەبێت و ئەمەش وادەکات وشە ناسراوەکان باشتر دووبارەببنەوە لە ناوشەکان هەروەها گاسەرکوڵ و بادیلی( Gathercole & Baddeley (1990 دەڵێن " ئەم یادگەیە بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز بە فۆنۆزارەك (Phonoarticulation)ەوە بەستراوە هەر گرفتێك ، کە توشی فۆنۆزارەك دەبێت ئەنجامەکەی ئەپراکسیا بەدوای خۆیدا دێنێت و دەشبێتە هۆی ئارێشە دروستبوون لە پلاندانانی بزوێنەری ئاخاوتندا بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە ،کە هەموو گرفتێکی پرۆسەی پەراوەکردنی دەنگی شکستی یادگەی کارکەر دەردەخات "هەموو وشەیەکی نوێ لە ڕێگەی یادگەی کارکەرەوە فێردەبین بە تایبەت یادگەی کارکەری فۆنۆلۆژیانە ، ئارچیبلەید و گاسەرکوڵ ، بادیلی Archibald& Gathercole ( 2006) , Baddeley(2002)دەڵێن " ئەم یادگەیە دەستدەگرێت بەسەر پاڵپشتیکردنی وشە نوێیەکان و مەودایەکی گەورەی چالاکی درکپێکردن و هەڵگرتن "


٣. یادگەی درێژخایان

یادگەی درێژخایان سەرجەمی ئەو زانیارییانە لە خۆدەگرێت ،کە لە ژیاندا ئەزموونمانکردوون ( بە شێوەیەکی کۆمەڵ بێت یان تاکگەرا ) بەمەرجێك جێگەی سەرنج و دووبارەکردنەوە بووبن لەگەڵ ئەمەشدا یادگەکە بەسەر دوو جۆر یادگەی دیکەدا دابەشدەبێت ( ئاشکرا و نائاشکرا) و جۆری زانیارییەکان لە ناو یادگەی درێژخایاندا و بە تایبەت لە یادگەی ئاشکرادا بۆ جۆری ( پچڕپچڕی تایبەت و گشتی بەکۆمەڵ) جیادەبنەوە ، بەڵام لە هەمانکاتدا یادگەی ڕێوشوێنی ( ئیجرائاتی ) ، کە لە یادگەی نائاشکرا جیادەبێتەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا ، چونکە ئەم یادگەیە لێهاتوویە بزوێنەرییەکان و کردەکان ڕێکدەخات واتا یادگەکە فێری ئەوەماندەکات (چۆن شتێك بکەین ) و هەندێکجار پێشی دەگوترێت بزوێنەری لاشە یاخود یادگەی ماسولکە و زوربەی کات پێویستی بە هێنانەوەی ئاشکرا ( ئاگا) نییە و هەرکاتێك لێهاتوویەك کاتێکی بەسەردا تێپەڕی ئەوا دەتوانێت بە ماندووبوونێکی ئێجگار کەمی ئاوەزی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو لێهاتوویە بهێنێتەوە و لە زۆربەی بارەکانیشدا

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

خۆی ڕاستەوخۆ لە ( نائاگا)وە یەتەوە ، ئەوەیش ، کە خۆکاریانە دێتەوە ڕاستەوخۆ یەکسەر دەبێتە کردە و تەنها شت ، کە پێویستە بۆ کاراکردنەوەی ( ویستی ئەنجامدانی کارەکە)یە .

بە پێی هیدنیوس Hedenius, M.(2013:17) کارکردنی ئەم یادگەیە ئاسان نییە قسەی لەسەربکرێت ، چونکە هەندێك کردە و لێهاتووی هەیە ، کە نازانرێت ( چۆن) جێبەجێبووە یان بیرهاتووەتەوە بۆ نموونە لە مەرجداری کلاسیکیانەی یادگەی ڕێوشوێنیدا وەلأمدانەوەی بزوێنەرێکی وەك ترس بەشێوەیەکی باو و ڕۆشتووە و بە شێوەیەکی گشتی پەیکاڵی ( خۆپاراستنە) .




هێڵکاری ( ٥) پێکهاتەی یادگەی درێژخایان

وەك لە هێڵکاری (٥ ) دا دەردەکەوێت ئامادەکردن و ساناکردنی ڕێڕەوەکان بۆ هێنانەوەی زانیارییەکان پێویستە (نادەزگاگەرای فێربوون ) جێبەجێی بکات ، ئەمەش زانیارییە زمانییەکانیش دەگرێتەوە و لە کاتی نەهاتنەوەشیاندا گرفت لەم پێکهاتەیەی یادگەی نائاشکرادا ڕوویداوە و مەرجداری کلاسیکیانەش پەیوەندیدارە بە (ماسولکەکان ) و ( وەلأمدانەوەی سۆزدارانە) و ئەو بەشەی ،کە پەیوەندی جوڵەی ماسولکەکان دەردەخات لە باری ئەپراکسیای زمانیدا پەکیکەوتووە و ناتوانێت ماسولکەکانی زارەك بەشێوەیەکی سانا بجوڵێنێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی یادگەی نائاشکرا بۆ پرۆسەکردنی بابەتە سەرەتاییەکانیشە نەك تەنها بۆ ئەوەی( چۆن ئەوە کراوە) و لەمەشەوە وەلأمدانەوەی مەجداری کلاسیکیانەی باوی بۆ دەبێت بۆ نموونە وشە و شێوەکانیانمان دێتەوە یاد بە بێئەوەی ئاگا کاری لەسەر بێت ، یادگەی ڕێوشوێنی ( ئیجرائاتی ) یش یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی یادگەی نائاشکراو و لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لەو پێڕەوانەی مێشك ، کە پەیکاڵە لەگەڵ پڕاندنی ( ئاشکرا و نائاشکرا) ی کۆزانیارییەکان


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و ڕۆڵەکەی زۆر گرنگە بۆ ئەرکە بزوێنەرییەکان و لە ژێرخانیشیدا چەندین مەودای پەیپێبردنی و درکپێکردنی و لێهاتووی زمانی هەیە .

زۆربەری لێکۆڵەرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ، کە یادگەی ڕێوشوێنی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فێربوون و هەژمارەی یاساکان و زنجیرەبەندیدا و یاریدەی یادگەی کارکەر و ئاشکرا دەدات لە دەستپێداگەیشتنەوە و هێنانەوەی زانیاریدا ، چونکە بە پێی سکوایر (Squire, L.(2004 : 171-177سیٚ جێبەجێکردنی سەرەکی بۆ ئەم یادگەیە جیکراوەتەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە :

١. جێبەجێکردنی بزوێنەری Motor circuit

٢. جێبەجێکردنی هاریکاری Associative circuit

٣. جێبەجێکردنی پەیوەندیداربوون Limbic circuit

بۆ دەستنیشانکردنی ئەپراکسیای ئاخاوتنی و تێوەگلانی ئەم یادگەیە لە دروستبوونیدا دەکرێت لە ڕێگەی فێربوون و هێنانەوەی وشەکانەوە بێت بۆ نموونە لە ناسین و چارەسەرکردنی ئاریشەکەدا جەخت لەسەر ئەو برگە و وشانە دەکرێتەوە ، کە بە کەمترین خێرای دەتوانرێن دووبارە بکرێنەوە و تا چ ڕادەیەك مەرجی کلاسیکی ڕێگە خۆشدەکات بۆ فێربوونی نائاگایانەی برگە هەروەها لەو لایەنەوە دەبێت ، کە ئەم یادگەیە ( ڕێوشوێنی ) دەست بەسەر سێکتەری بزوێنەری , هاریکاری و پەیوەندیدا دەگرێت و هەبوونی هەر گرفتێك لەم یادگەیەدا دەبێتە هۆی پەککەوتنی زمان و نەهاتنەدەرەوەی بەشێوەیەکی لێهاتوو و نائاگایانە ، بەڵکو پێویستدەکات ئاریشەدارەکە زۆر بە وریای و ئاگاوە برگە و وشەکانی بخاتە پاڵیەك و بەرهەمیانبهێنێت ، چونکە یادگەی ئیجرائاتی وەك پێویست کارناکات و سێکتەرەکانی بەشێوەیەکی لەخۆوەی و خێرا ناتوانن کردەکانی زمان ڕابپەڕێنن .

### ٢ . ١ . ٢ ئەودیویادگە / میتامیمۆری


لە ڕوانگەی بەبکۆ (Bebko , J .( 2015:182 میتامیمۆری بریتییە لە "باوەڕی کەسێك دەربارەی فراوانی یادگەی خۆی و زانینی ئەوەی چی دەزانێت و چی نازانێت " هەروەها ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢:٣٠٤ ) دەربارەی میتامیمۆری دەڵێت" ئەودیویادگە لە زانستی زمانی دەروونییدا یەکێکە لە شێوەکانی Meta Cognition و دەربارەی فراوانی و ستراتیژەکانی یادگەیە ، کە دەتوانێت یارمەتی یادگە بدات لە چاودێریکردن و دەستبەسەراگرتنی زانیارییەکاندا ئەمەش چۆنێتی ئاگاداربوونی کەسێك دیاریدەکات لە فێربوون و بەکارهێنانی زانیارییەکان بەگشتی و زانیارییە زمانییەکان بە تایبەتی "هەر لەبەر ئەم شێوە کارکردنەی ئەودیویادگە لەخۆوە کارکردن و پەراوەکردنی ستراتیژەکان لەخۆ دەگرێت و لەگەڵ ستراتیژەکانی یادگەدا وەك دوو پرۆسەی درکپێکردن کاردەکەن و بە هەر هۆکارێك گرفت بکەوێتە ئەم ستراتیژانە ( ئەوانەیان,کە تایبەتن بە زمان ) ئەوا ئاریشەی زمانی دروستدەکەن ، چونکە پەراوەکردنی زانیارییە زمانییەکان کە ڕادەی ڕەوانێتیان بۆ دروستدەکات گرفتداردەبێت بەمەش زمان بەشێوەیەکی ئاسای و ڕەوان جێبەجێنابێت .

پەیوەندی نێوان ئەودیویادگە و یادگە کارێکی سانا نییە بەتایبەت لە ئاریشەی زمانیدا ، چونکە دەبێت شیکاری لەسەر ( کۆزانیاری ، کردە– زارەکی و نازارەکی– ، چالاکی ) بکرێت و لەهەمانکاتدا بڕی ( حوکمدانی کەسی ئاریشەدار لەسەر حاڵەتەکەی) دیارییبکرێت ، چونکە حوکمدان / بڕیاردانی ئاریشەدارەکە لەسەر چەندێتی و چۆنێتی زانیارییەکانی دەربارەی زمان ڕێگە

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

خۆشكەرە بۆ گرتنە بەری چارەسەری گونجاو و هەڵبژاردنی میتۆدی دیاریكراو بۆ فێركردن ، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا ( ئایا منداڵی ئەپراكس دەتوانێت حوكمی كۆزانیارییەكانی خۆی دەربارەی ئاخاوتن بكات؟) ئەم حاڵەتی بە ئاگابوونەی بڕی كاركردنی میتامیمۆری كەسەكە دیاریدەكات .

ئەودیویادگە گرنگی بە بنەمای (خۆخەریككردن )دەدات بە شێوەیەك تا چەند زانیارییەك توانای دەستەبەركردنی دەبێت بەشێوەیەك ، كە كەمترین سەرنجدانی پێویست بێت و بە خێراترین ڕادە بەدەستبهێنرێتەوە بۆ ئەمەش ستراتیژگەلێك بەكاردەهێنێت بۆ بانگكردنەوە لە شێوەیەكی زنجیرەبەندیدا و ئەمەشە وایلێدەكات پەیوەندییەكی پتەوی هەبێت بە زانیاییەكانەوە ، كە یادگە دەیانهێنێتەوە ئەمەش ڕوودەدات بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن ، لەمەوە منداڵ لەسەرەتاوە دەبێت فێربكرێت بەمەش لە یادگەكاندا هێزی هێنانەوەی زانیارییەكەی بەرزدەبێتەوە و دواتر لە تەمەنی گەورەبووندا توانای ناسینەوەكەشی بۆ ئەو زانیارییانە بەهێزدەبێت پەیوەست بە ئەپراكسیاشەوە ئەم خاڵی پەیوەندییەی نێوان یادگە و ئەودیویادگە گرنگە ، چونكە كاتوەختی ڕاهێنان و هەڵبژاردنی میتۆدی ڕاهێنانەوەكە لەسەر زمان بەم پێیە ڕەچاو دەكرێت دەتوانین بە هێڵكارییەك ئەم پەیوەندییە بخەینەڕوو :




هێڵكاری ( ٥ )

پەیوەندی یادگەو ئەودیویادگە لە ئارێشەی ئەپراكسیای ئاخاوتندا

**٢ . ٢ . پرۆسەكانی كۆدكردن ، بەدەستهێنانەوە و پەیپێبردنی سایكۆ_زمانیی ئەپراكسیای ئاخاوتن**

گەشەی فۆنۆلۆژیانە و پەیوەندی بە گەشەی بزوێنەری ئاخاوتنییەوە لەوەدایە ، كە لەم دوو پێڕەوەدا فۆنێم بەتەنها گەشە ناكات ، بەڵكو (بڕگە)ش گەشەدەكات بە تایبەت كۆنسونانتە پشتەوەییەكان لەگەڵ ڤاوڵە پشتەوەییەكان وەك / ku ku / ، كۆنسونانتی دانی و ڤاوڵی پێشەوە وەك /ba /,/ di / لەمەشەوە منداڵ وردەوردە فۆنێمەكانیش دەناسن نیترۆوەر Nittrouer, S. (1993:959-972) ئەوەی بۆ دەركەوت "كاتێك داوا لە منالی ئەپراكس دەكەیت بڕگە یان وشە دەربڕێت ئەوا ئەو كۆنسونانت و ڤاولانە دەردەبڕن پێكەوە ، كەشوێنی دروستبوونیان لەیەكەوە نزیكە و ئەم دیاردەیە لە منداڵاندا زیاتر دەردەكەوێت تاوەكو گەورە "

**گەشەی زمانی لای ئەپراكسی ئاخاوتن : گەشەی لێكسیكی > گەشەی فۆنۆلۆژی > گەشەی فۆنەتیكی**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**هەروەها یەكێك لە دیارترین كارێكتەری ئاخاوتن لای منداڵانی ئەپراكس بریتییە لە نەبوونی هارمۆنییەت ( ناچوونیەكی و پچڕان Inconsistency ) ئەمەش لە ئەنجامی هەڵەی كۆنسونانتەكانەوە ڕوودەدات و بەمەش پێڕەوی فۆنۆلۆژیانە زیاتر وەك لادان Deviant وەك لە دواكەوتن Delayedدەردەكەون ئەویش بەهۆی كرتاندن و جێگرتنەوەی فۆنێمەكانەوە بە یەكتری دەردەكەوێت و هەتا ئاخاوتن ئاڵۆز بێت هەڵەكانیش زیاتر دەبن و ناوشە زیاتر بەرهەمدەهێنرێت .**

**ئەگەرچی لێكۆڵەرەكان لە ئەپراكسیای كەسی هەراشدا وایدادەنێن دوای قۆناغی كۆدكردنی فۆنۆلۆژییەوە دەستپێدەكات و گرفتی پلانی بزوێنەری و بەرنامەی بزوێنەری هەیە ، بەڵام لە منداڵدا زووتر و پێش ئەم قۆناغە دەستپێدەكات ، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ئاریشەكە لە هەڵاوێركردنی لێكسیكییەوە دەستپێدەكات ، چونكە لە پرۆسەی ئینكۆدكردندا پێویستە وشەكان بكرێنە وشە و پاشان بگۆڕێن بۆ پرۆسەیەكی میكانیكی و بە هۆی زارەكەوە دەربڕێن لە شێوەیەی زنجیرەیەكی یەك لە دوایەكهاتووی فۆنەتیكی ،كە مەوداكانیان لە برگە ، وشە و ڕستەكاندا جیاكراونەتەوە .**

**یەكێك لەو میكانیزمانەی پرۆسەی كۆدكردنی ئەپراكسەكان بەكاریدەهێنن بە شێوەیەكی بەربڵاو بریتییە لە ( میكانیزمی سادەكردنەوە) ، چەشن و ڕێژەی سادەكردنەوەی فۆنۆلۆژیانە سەرجەم فۆنێمەكان دەگرێتەوە و دروستە ماركە لێنەدراوەكان ئاسانتر بۆیان بەرهەمدەهێنرێت بە بەراورد بە فۆنێمە ماركە لێدراوەكان هەربۆیە ئەم منداڵانە ماركە لێنەدراوەكان زووتر فێردەبن وەك لە ماركەلێدراوەكان ، چونكە ئاسانتر دەپژێن و فراوانتر بەكاردەهێنرێن ، بەڵام وەك خۆیان دەرنابڕێن بەڵكو ماركەلێنەدراو دەردەبڕێن .لە كاتی بەكارهێنانی برگە و سەگمێنتی فۆنێمە ماركەلێدراوەكانیشدا تووشی (هەڵەی ماركەلێدراو) دەبن ، كە ئەمیش بریتییە لە سادەكردنەوە و بێلایەنكردنی دەنگە ماركە لێدراوەكان لە هەمانكاتدا بڕین ، كرتاندن و زیادكردنی فۆنێمەكان بۆ ماركە لێدراوەكان نابێت ، چونكە ئەم بارە هەڵەی ئاڵۆزبوون ی خودی فۆنێمە ماركەلێدراوەكان دەگەیەنێت بۆ نموونە فۆنێمی /v/ ئەگەر تایبەتێتییەكی دیكەی بۆ زیادبكرێت هێندەی تر ئاڵۆز و ماركەلێدراو دەبێت ، كە ئەمەش گرانییەكی زیاتر دەخاتەسەر دەربڕینی فۆنێمەكە ، هەرلەبەرئەمەشە لە ساتەوەختی پرۆسەی كۆدكردن و گۆگردن لای ئەم ئاریشەدارانە كۆمەڵێك هۆكار بۆ سادەكردنەوە دەگرنەبەر Gulluzzi.C, Bureca.I..et al ( 2015) لەوانە :**

**١ . دەرنەبڕینی برگەی ئاڵۆز :**

**ئاریشەدارانی ئەپراكسیای ئاخاوتنی خۆیان لادەدەن لە دەربڕینی برگەی ئاڵۆز و بۆ ئەمەش لە زمانی كوردیدا ئاسانترین برگە بەكاردێنن ، كەدروستەی برگەیی(CV) ە و دەتوانین بەم شێوەیە گوزارشتی لێبكەین :**

A. 1. ( CVCC > CV . CV)

2. (CCV > CV . CV)

B. 1.( CVC > CV

2.( CVC > CV. CV )

C. 1.( V.V > V)

2. ( V . CV )

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٢. دەرکردنی کۆنسونانتی لەیەکنەچوو :

دەرکردنی کۆنسونانتی درێژ و جیاواز ئاسانترە لە کۆنسونانتەکانی ، کە لەیەکدەچن بۆ نموونە لێکچووەکانی / z: s / , / d:t / )
( / m :n / , / h : ħ / , / l : ɫ / , / k : g / , / x:ɣ / , / b:p / , / f : v / , / ʃ: ʒ / , / ʧ:ʤ / , / r : ŕ / ,

گرانتر بەرانبەر یەکتر بەکاردەهێنرێن لەوەی دوو دەنگی جیاواز لە شوێنی دروستبوون و گڕیی و کپیدا بەکاربهێنرێن .

٣. کرتاندنی فۆنێم

کرتاندنی فۆنێم یەکێکە لە دیاردە هەرە باوەکانی ،کە لە ئاخاوتنی ئەپراکسێکدا تێبینی دەکرێت بە ڕادەیەك وەك سیمایەکی جیاکەرەوە دەردەکەوێت ، هەرچەندە ئەم تایبەتێتییە لە زمانپژانی منداڵان و لە قسەکردنی ئاسای زمانێکیشدا دەردەکەوێت ، بەڵام لە ئاخاوتنی ئەپراکسدا بەرێژەیەکی زۆر و بەرفراوان بەدیدەکرێت بە ڕادەیەك زۆرینەی وشەکان ئەم دیاردەیان تێدا دەبینرێت , ئەم دیاردەیە لە دوو جۆر وشەدا بەدیدەکرێت :

أ. ئەو وشانەی ، کە خاوەنی فۆنێمی دووبارەنەبووەوەن ، واتە وشەکە لە چەند فۆنێمێکی لێکنەچوو نادووبارە پێکهاتوون بۆ نموونە :

– خوێندکار ⟵ خوێکار ( کرتاندنی هەردوو فۆنێمی / n / و / d / ، کە یەکجار لە ناو وشەکەدا هەن)

– پەلکە ⟵ پەکە (کرتاندنی فۆنێمی / l / ، کە یەکجار لە ناو وشەکەدا هەیە )

ب. ئەو وشانەی دووجار فۆنێمێکیان تێدا دووبارە بووەتەوە یەکێکیان یان هەردووکیان دەکرتێنرێن یاخود تێکەڵاویان دەکات و دەیانکات بەیەك بۆ نموونە :

– میللەت ⟵ میلەت ( کرتاندنی یەك دانە لە فۆنێمەکانی / l / ، کە دووبارەبووەکان)

٤. دارشتنەوەی برگە

لە هەندێك باردا ئەپراکسەکان هەڵدەستن بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی دروستەی برگەکان و بەپێی توانستی زنجیرەی فۆنۆلۆژی خۆیان برگەکان بونیاد دەنێنەوە و فۆنێمەکان جێگیر دەکەن ، کە هەندێکجار تەنها هەندێك لە شێوەی وشەکان وەك وشە بنەڕەتییەکە دەمێننەوە بۆ نموونە :

أ. ڕیزبەندی برگەی CV.CCV دەبێت بە VC1 . C2V بۆ نموونە لە وشەی ( کەللە) دا

Pələ ⟶ əp . lə

ب. ڕیزبەندی برگەکە لە CV.CCV ەوە دەبێت بە VC2 . C2V

Pəɫə ⟶ əɫ. ɫə

٥. ئاڵۆزبوونی فۆنێمەکان


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەپێی ئەم پرنسیپە لە بڕگەی ئاسایدا باشترین گرێتی ئەوەیە لە سەرەتای بڕگەدا دەربکەوێت تا دەگاتە ڤاوڵەکە و دوای ڤاوڵەکەش گرێتی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە کۆتای سەرەتای بڕگەکە واتە جۆراوجۆری گرێتی لە بڕگەکەدا دەبێت .

هەڵەی سادەکردنەوەی کەسانی ئەپراکس لەم بوارەدا وەك دەرکەوتنی نزمی گرێتییە لە سەرەتای بڕگەوە و نزمبوونەوەی گرێتییە لە ناوەڕاستی بڕگەدا تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی ڤاوڵی (سەرەوای ناوەڕاستی بڕگەکە) نیشانەکانی وندەکات و بێلایەندەبێت بۆ نموونە :

/ b.d.g/ < / p .t . k /

ئاڕاستەی ئاخاوتنی ئەپراکس ←

٦. مارکەلێدانی فۆنێمەکان

فۆنێمەکان هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتین لەکاتی بەرهەمهێنانیاندا ، کە ئەوانیش بریتین لە ( کات ، شوێن شێواز) ی بەرهەمهێنان لەبەرئەوەی هەندێك لەم تایبەتییانە قورسن لە کاتی گۆکردندا بۆیە ئەو فۆنێمەی ،کە دروستی دەکەن مارکەلێدراو دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتەش پێویستە ، کە لە خودی تایبەتییەکان بدوێین :

أ. کات : لەم تایبەتییەدا کەسانی ئەپراکس بۆ سادەکردنەوە هەوڵدەدەن پابەستی کپبوونی فۆنێمەکان بن بەمەش مەودای خایاندنیان کورتدەبێتەوە – نیشانەی واتە کاتێك کرانەوەکەی لە ڕووی فۆنێمەکە بێت واتەگەورەترە لە ، ئەگەر سەرەداخراوەکەی لە ڕووی فۆنێمەکە بێت واتە بچووکترە لە– بۆ نموونە :

b < p , d < t , g < k ......v < f

ئاڕاستەی سادەکردنەوە و دەربازبوون لە مارکەلێدان ←

ب. شوێن : لەم تایبەتێتییەدا فۆنێمەکان شوێنەکانیان لای کەسانی ئەپراکس دەگۆڕێن و زیاتر حەزبە هێنانە پێشەوەی شوێنی دروستبوونیان دەکەن هەربۆیە بەم حاڵەتەش دەگوترێت ( هەڵەی پێشەوەی) بۆ نموونە فۆنێمە لای و فرە لێدانییەکان دەکەن بە مەلاشووی ڕەق و ئارۆ بەمەش سادەکردنەوە لە شوێنی دروستبوونی فۆنێمەکە و تایبەتێتی مارکەلێدانیان دەگۆڕێت .

پ. شێواز : ئەم تایبەتێتییە خۆی لە وەستانەوەی فۆنێمەکاندا دەبینێتەوە ، کاتێك هەڵەی سادەکردنەوە لای کەسانی ئەپراکس دروستدەبێت ئەم تایبەتێتییە سیمای فۆنێمەکان کپدەکاتەوە و ئارەزووی ئەوە جێگیردەکات ،کە سەرجەم فۆنێمەکان وەك دەنگە وەستاوەکان دەربکات .

٧. بێلایەنکردنی فەرلێدانی

یەکێکی تر لە ستراتیژەکانی سادەکردنەوە وەستانی دەنگە فرەلێدەرەکانە وەك لە فۆنێمی / ř / دا دەردەکەوێت ، چونکە کاتێك ئەم فۆنێمە دروستدەبێت ماندووبوونی زۆری دەوێت بۆ مانەوەی هەوا و دابەشبوونی بۆیە لە ئاخاوتنی کەسانی ئەپراکسدا فۆنێمەکە دەگۆڕن بۆ /l/ بەم پێیە l < ř سادەکردنەوەیە و بە پێچەوانەشەوە ř < l گرانکردنە .

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٨. **خایاندنی دەربڕینی وشە**

**کەسانی ئەپراکس لە قسەکردندا ڕەواننین و کاتیان پێدەچێت و پەناش دەبەنە بەر دووبارەکردنەوە و مەرجیش نییە لەکاتی دووبارەکردنەوەدا هەمان وشە بە پڕاوپڕی دووبارەبکەنەوە بەڵکو هەندێکجار زنجیرەی فۆنیمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت واتا وشەیەك ، کە چەند جارێك بەکاردێت ئەوەندەی بەکارهێنانەکە لای ئاریشەدارەکە فۆرمی جیاوازی دەبێت .**

**لە لێکدانەوەی ئەم ئارێشەیە کەیسێکی تایبەتمان وەرگرتووە ، کە ئەویش ( ئا . ف.خ ) ەو و تەمەنی ( ٧ ) ساڵە ( تا ئەم تەمەنە نەیتوانییوە دەربڕینی وشە و ڕستەکان جڵەوگیربکات)وەك نموونەیەك بۆ جۆری ئارێشەکە و تایبەتییەکانی لەم پارەدا دەخەینەڕوو:**

١ . **دەربڕینی فۆنێم**

| فۆنێمی بنەڕەتی | دەربڕینی ئەپراکس |
|---|---|
| /t/ | / g/ |
| /v/ | /f/ |
| /q/ | /g/ |
| /l/ | /n/<br>هۆکاری لە پێڕەولادانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەیسەکە قلیشاوی مەلاشووشی پێشوەخت هەبووە |
| /ŕ/ | /l/ |
| / z / | /s/ |
| /ʔ/ | /k/ |
| /ħ/ | /h/ |

٢ . **دەربڕینی وشە**

| وشەی بنەڕەتی | دەربڕینی ئەپراکس | لێکدانەوەی فۆنۆلۆژی |
|---|---|---|
| کتێب | کبێت | جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان هەردوو فۆنێمی /e / و /b/ دا |
| قەڵەم | قەرەم | گۆڕینی فۆنێم لە نێوان هەردوو فۆنێمی /ɫ / و /r/ دا |
| دەفتەر | دەفەر | کرتاندنی فۆنێمی /t/ |
| کەرکوك | کەگوگ | کرتاندنی فۆنێمی /r/ و گۆڕینی فۆنێمی /k/ بە / g/ |
| بردن | بدن | کرتاندنی فۆنێمی /r/ |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ئەزانم | ئەناسم | گۆڕینی فۆنێمی /z/ بە /s/ و دواتر جێگۆڕگێی فۆنێمە گۆڕاوەکە لەگەڵ فۆنێمی / n/ |
| مەکتەب | مەتەت | کرتاندنی فۆنێمی /k/ و گۆڕینی فۆنێمی / b/ بە /t/ |
| خوێندکار | خوێکار | کرتاندنی هەردوو فۆنێمی /n/ و /d/ |
| قوتابخانە | قوبابانە | گۆڕینی فۆنێمی /t/ بە /b/ و کرتاندنی فۆنێمی /x/ |
| فەرش | سەفش | گۆڕینی فۆنێمی /f/ بە /s/ هاوکات کۆپیکردنەوەی فۆنێمی /f/ و گۆڕینی ئەم فۆنێمە لەگەڵ فۆنێمی /r/ |
| عەرەبی | مەرەبی | گۆڕینی فۆنێمی / ʔ / بە /m/ |
| پرتەقاڵ | پتەگاڵ | کرتاندنی فۆنێمی /r/گۆڕینی فۆنێمی /q/بە /g/ |
| هەنجیر | هەسیر | تێکەڵکردنی هەردوو فۆنێمی /n/و /ʤ/ و دەربڕینیان بە فۆنێمی /s/ |
| چەقۆ | کەچۆ | گۆڕینی شوێنی / ʧ / بە فۆنێمی /q/و کرتاندنی فۆنێمی /k/ |

٣. دەربڕینی ڕستە

| ڕستەی بنەڕەتی | دەربڕینی ئەپراکس |
|---|---|
| من نانەکەم خوارد | من نانەکە خەن |
| من یاریم کرد | من لالیم کن |
| من ڕۆشتم بۆ مەکتەب | من نۆشم بۆ مەکبەت |
| من ئەخەوم | من ئەخوم |
| من سەعیم کرد | من سەعیم کن |
| من دەرگاکەم داخست | من دنگاکم گاخست |
| من تۆپەکەم برد | من توپم بر |

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٤ . دەربڕینی ئاواز و سترێس

– من پاسکیلەکەم لێخوڕی ___________ من پاº کیلەکم لێº خونڕی

– من شوشەکەم شکاند ___________ من شوشەکەº نکان

– من سەیارەکەم بینی ___________ من سیارº کم بینی

**شیکردنەوەی گشتی**

١ . **قورسای خستنەسەر** :

جێناوی ( من) لەگەڵ بەرکارەکان لە ڕستەکاندا بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش پچراو لە کەرەستەکانی تری ڕستەکە دەردەبڕێن.

**٢.دەربڕینی ڤاوڵەکان**

بە شێوەیەکی گشتی ڤاوڵەکان بێلایەنکراون و ئەم بێلایەنکردن و ساردکردنەوە / خاوکردنەوەیە لە کۆمەڵێك تایبەتێتیدا دەردەکەوێت وەك :

أ. جێکەوتەی سترێس لە شوێنی ڕێپێدراوی ناو برگەکاندا نەبوون و زۆرێکیان جووڵاّبوون و گوازرابوونەوە جێکەوتەی تر .

ب. زۆرێك لە ڤاوڵکان شوێنی هاتنەدەرەوەیان گۆڕابوو و بۆنموونە سەری زمانیی بوو بووە ژێرزمانی

پ. تایبەتێتی گشتی هەرڤاوڵێك لە شوێنی کردنە دەرەوەی هەواکەدا کێشەداربوو.

٣ . **دەربڕین و کارێکتەری وشەی ئاڵۆز** :

وشەی ئاڵۆز لای کەسانی ئەپراکس کۆمەڵێك گرفتی تووشدەبێت لەوانە :

ا. گرانتر دەردەبڕێن

ب. پچڕاوتر لە وشە سادەکان دەردەبڕێن

پ. خایاندنی زیاتری پێویستە بۆ دەربڕین

ت. تێکشکاو بەهەمدەهێنرێن

ج. برگەی ناو وشەکان شێوێندراون

ح. وەستانی زۆر بەدیدەکرێت لە سەرجەمی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکەدا

٤ . پێکهاتەی برگە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

لەبەرئەوەی کەسانی ئەپراکس گرفتی فۆنۆلۆژی و دەربڕینیان هەیە بەشێکی زۆری ئەو زیانەی بەر بەرهەمهیٚانی ئاخاوتن دەکەویت خۆی لە کێشەی دروستبوونی بڕگەکان و ڕیزبەندی بەدوایەکداهاتنی فۆنێمەکاندا دەبینێتەوە لە گرنگترین ئەو کێشانەش :

أ. زوربەی بڕگەکان سادەدەکرانەوە بە شێوەیەك کە سانا بن بۆ دەربڕین

ب. زۆرێك لە بڕگەکان فۆنێمەکانیان لە شوێنی دروستی خۆیاندا نەبوون

پ . سترێس و ئاوازی بڕگەکان داڕێژرابوونەوە بەو شێوەیەی وا دەکەن بڕگەکە سادە و ئاسان بێت بۆ دەربڕین

٥. پرکەرەوەکانی ڕستە

ڕستەکان بۆ ئەوەی شیاوی دەربڕین بن پێویستە کۆمەڵێك پرکەرەوەی تێدا بەکاربێت ، کە هەندێکیان کەرەستەی ڕێزمانی ناچارین و پێویستن بۆ ئەوەی ڕستەیەك ڕێزمان دروست بن وەك( پریپۆزیشنەکان ، ئامرازەکانی ناساندن ....هتد) و هەندێکی تریشیان وەك دەرخەر و فراوانکەری ڕستەکان دەردەکەون دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین لە کەیسی وەرگیراودا چەند لێکدانەوەیەك بۆ ئەم لایەنە بخەینەڕوو لەوانە :

أ. پریپۆزیشنەکان : گران دەردەبڕان ، چونکە دەیویست سەرلەنوێ بیانخاتە ناو بڕگە هەڵوەشاوەکانی وشەکانی ناو ڕستەکان

ب. ئامرازی ناساندن : بە تەواوەتی دەردەبڕان ، چونکە وەك بەشێك لە وشەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا .

٦. کارکردنی یادگەکان :

ا. یادگەی هەستی : کۆدە بیستراوەکان بە باشی وەردەگیرێن و لە ماوەیەکی کەمدا دەهێنرێنەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم یادگەیە گرفتی نییە و کارەکانی وەك پێویست جێبەجیٚ دەکات .

ب. یادگەی کارکەر : زنجیرەی فۆنۆلۆژی گرفتدارە بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك زانیارییە زمانییەکان وەردەگرێت لێیانتێدەگات ، بەڵام دواتر لە کاتی هێنانەوەیاندا شوێنپێکان وندەکات .

پ. یادگەی درێژ خایان : ئەم یادگەیە پشت دەبەستێت بە هەردوو یادگەی ( هەستی و کارکەر) و هەر گرفتێك بکەوێتە ئەم دوو یادگەیەوە کاریگەری لەسەر ئەمیش دروستدەکات هەروەك لە ناساندنی یادگەی ڕێوشوێنیندا ڕوونمانکردەوە .

**٢ .٣ . تاقیکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاخاوتنی ئەپراکس**

بنەمای چارەسەرکردنی ئەپراکسیای ئاخاوتن بریتییە لە دەستنیشانکردنی وردی ئەو نیشانانەی ، کە ئاریشەدارەکە هەیەتی ئەویش لە سیٚ ڕوانگەوە دەبێت :

ص٣٤-٧١
المجلة العلمية لجامعة جيهان - السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**یەکەم : تاقیکردنەوەی جەستەی**

**وەرگرتنی تێبینی گشتی لەسەر ئاریشەدارەکە بەتایبەت لە تەمەنی منداڵیدا واتا لە نێوان (٢-٤) ساڵ ، کە بە گشتی سەرنجدان لە کۆمەڵێك نیشانە لە خۆدەگرێت لەوانە :**

**١. نەتوانینی قوتتدانی خواردن**

**٢. نەتوانینی جوینی خواردن**

**٣. پێکەوە نەگونجانی دەموچاو و کارنەکردنی ماسوولکەکانی بەیەکەوە**

**٤. نەتوانینی تف قوتتدان و لیك بەدەمدا هاتنە خوارەوە**

**٥. ڕاکردن و خۆدزینەوە لە پەیوەندی زارەکی**

**٦. ڕێکنەبوونی ژمارە و پێکهاتەی ددانەکان**

**٧. قەبارەی لچولێو و شێوەکانیان لە هەندێك باردا ئاسای نییە ، ئەمەش بەپێی کەسەکە ڕەنگە بەهۆی پێکەوە ڕوودانی دوو ئاریشە بێت لەیەك کاتدا واتا بوونی ئاریشەی ئەپراکسیا لەگەڵ (قڵیشی هەردوو یان یەکێك لە دەم و مەلاشوو ( داو الارنب) ، بوونی کۆنیشانەی ولیام ...هتد)**

**٨. هەستی بەرکەوتنیان لە هەندێك باردا گرفتی تێدایە**

**دووهەم : تاقیکردنەوەی دروستە و پێکهاتەی زمانیی**

**ئەم تاقیکردنەوەیە پەیوەستەبە پشکنینی یەکەمی جەستە و ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە ، بەلام لایەنی پەیوەستبوونی ئەندامەکان بە کارە ئەبستراکتە زمانییەکانیانەوە دیاریدەکات بە دوو ڕێگا ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێت :**

**١.جۆراوجۆری کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتنیش دەپشکنێت بۆ نموونە ( بەهێزی کارکردنی شەویلگە و لێوەکان و زمان ، خێرای کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن ، پێکەوەکارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن ...)**

**٢. کارکردنی ئەندامەکان بە دەربڕینی زمانییەوە دەپشکنرێت بۆ نموونە ( وەستان و دواکەوتنی فۆنەتیکی بە چ شێوەیەك کاردەکات ، مەودای دەنگەکان چۆن بلاودەبنەوە ، ئەندازەی زیکە و ڕادەی بەرزکردنەوەی دەنگەکان بە چ شێوەیەك جڵەودەکرێن ، تا چەند کەسەکە ماندوودەبێت بە دەرکردنی دەنگەکان و ڕیزبەندیان و تا چەندێك خۆی خەریکدەکات ، کە بە شێوەیەکی تەواو فۆنێمەکان دەربڕێت ...)**

**ڕاهێنانی ئاریشەداری ئەپراکسیای ئاخاوتن کاتی زۆر و هۆکاری جۆراوجۆری دەوێت ، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا ئەم ئاریشەیە لە تاکێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت لە گرنگترین ئەو هەنگاوانەی بۆ ئەم ڕاهێنانە گرنگە بریتین لە :**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

**یەکەم : بەهێزکردنی لایەنی جەستەی**

١. ڕاهێنان لەسەر فووکردن

٢. چرچکردن و هێنانەوەیەکی لچولێو

٣. دەم نوقاندن و کردنەوە

٤. کۆکەکردن

٥. فێرکردنی جێکەوتە و جووڵەکانی زمان

٦. ڕیزبەندی دروستکردن لە جووڵەکاندا لە ڕێگەی لاسایکردنەوەوە

**دووهەم : بەهێزکردنی بزوێنەری ئاخاوتنی**

١.بەرزکردنەوەی ڕیزبەندی فۆنێمەکان بە دروستکردنی دەوروبەری دەنگیی جۆراوجۆر .

٢. فێرکردنی وەڵامدانەوەی زارەکی و کەمکردنەوەی وەڵامدانەوەی ئارێشەدارەکە و بەپیرەوەنەچوونی بە بێبەکارهێنانی ئاخاوتن .

٣. دیاریکردنی ماوەی درەنگکەوتنی زمانپژانەکە

٤. هەڵبژاردنی کرۆکی دەنگی و شێوەی برگەیی ئاسان بۆ چەسپاندنی تەرزی برگە و وشەکان .

٥. سەرنجی وشەکانی تاکە بدرێت و هەوڵبدرێت زۆر دووبارەی بکاتەوە .

٦. هەوڵبدرێت کەسەکە خۆی هەڵەکانی ڕاستبکاتەوە

٧. دەستنیشانی ئاڵۆزبوونی ئاخاوتنەکەی بکرێت و هەڵبژاردەی جۆراوجۆری بدرێتێ ( وشە و مۆسیقای وشە ....هتد) بۆ ئەوەی وشە ساناکان هەڵبژێرێت و ئەمانیش ڕێگە خۆشکەن بۆ پێکهێنانی وشەی ئاڵۆز .

٨. ڤاوڵەکان پێویستە دابڕێن و وەك مۆسیقا بەردەوام دووبارە بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی بچەسپێنرێن .

٩. بەکارهێنانی برگەی دووبارەبووەوەی یەکلەدوایەك بە گوێینی ڤاوڵی جۆراوجۆر وەك ( دادا ، دیدی ، دودو ، دۆدۆ...هتد)

١٠. دووبارەکردنەوەی ( فرەبڕگە ، فریز و ڕستە)

١١. پیشاندانی وێنە و هاندانی ئارێشەدارەکە بۆ قسەکردن لەسەری

١٢.هاندانی بۆ گێڕانەوەی چیرۆك و ڕووداو

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## ئەنجام

١. ئەپراكسیا بە پلەی یەكەم ئاریشەی بزوێنەری ئاخاوتنییە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندین پرۆسەی سایكۆلۆژی زمان دەستدەگرن بەسەر توندی یاخود ساناى ئاریشەكەدا ،

٢.زمانی كوردی و پێڕەوی كردار و جێناوەلكاوەكانی بە ڕێژەی جیاواز هاوكاری سانابوونەوەی ئاخاوتن لای ئاریشەداران دەدات،

٣. پێڕەوی فۆنۆلۆجی زمانی كوردی و بە تایبەت تەرزی بڕگەكانی هاریكاری سادەكردنەوەی وشە ئاڵۆزەكان دەكات ،

٤. كەیسی وەرگیراو وەك داتا بۆ زمانی كوردی ڕۆڵی سترێس و دانپێدانانی بڕگەكان ڕوونەدەكاتەوە لەگەڵ جۆری ئەو وەستانەوانەی ، كە لە زمانەكەدا هەن ، بەڵام ئاریشەدارەكە شوێنپێكەی وندەكات .

٥.فۆنێمە ماركەلێدراوەكان زۆر بە گرفت و گران دەردەبڕێن و زۆرێك لە خەسڵەتەكانیان لە لای ئاریشەدارانی ئەپراكسیای ئاخاوتن لەدەستدەدەن .

## سەرچاوەكان


١. ئاڤێستا كەمال مەحموود.(٢٠١٢). پرۆسە سایكۆلۆژییەكان لە زمانی كوردیدا . چاپخانەی ڕەنج.

٢. بەهرە محمد عبدالكریم .( ٢٠١٥). شرۆڤەی ئاریشە زمانییەكان لە زمانی كوردیدا ( دیسلیكسیا لە فێربوونی زمانی دوهەمدا وەك نموونە ) .نامەی ماستەر . زانكۆی سلێمانی .

٣. یارا قادر احمد .( ٢٠١٤) . گیروگرفتەكانی گوتن و چارەسەركردنیان . نامەی دكتورا . زانكۆی سلێمانی .


## Reference


1. Aneja, S. (1999) Evaluation of child with communication disorder .India pediatrics , 36, 887:890.
2. Archibald, L. M. D., &Gathercole, S. E. (2006). Short-term and working memory in SLI.International Journal of Language & Communication Disorders,41, 675–693.
3. Baddeley, A. D. (2002). Fractionating the central executive. In D. Stuss & R. T. Knight (Eds.), Principles of frontal lobe function (pp. 246–260). New York: Oxford University Press



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2

4. Bebko , J and et . al . (2015).Spontaneous strategy use in children with autism spectrum disorder: the roles of metamemory and language skills. Front Psychol. 182. Published online
5. Code. C. (1998) . Models , Theories and Heuristics in apraxia of speech : clinical Linguistics and Phonetics .vol.12. no. 1. Pp 47-65.
6. Duffy, R.J. and B, Liles.( 1979) . Journal of speech and hearing disorders ( A Translation of Finkelnburg's (1870) Lecture on Aphasia as "Asymbolia" with Commentary) ,JSHD pub ASHA.Vol. 44, 156-168
7. Hedenius , M. (2013). Procedual and Declarative memory in children with Developmental Disorders of Language and Literacy . Uppsala university.
8. Galluzzi C, Bureca I, Guariglia C, Romani C. (2015). Phonological simplifications, apraxia of speech and the interaction between phonological and phonetic processing. Neuropsychologia. ;71:64–83
9. Gathercole, S. E., & Baddeley, A. D. (1990). Phonological memory deficits in language disordered children: Is there a causal connection? Journal of Memory and Language, 29, 336–360.
10. Greene, J . ( 2005) Apraxia , Agnosia and Higher visual function abnormalities. Neural neurousury Psychatry . 75. Pp 25-34.
11. Goldenberg, G. (2013) Apraxia: The cognitive side of motor control. Pages 377-379 . Published online
12. Goldenberg, G. (2003) . Cortex (Apraxia and Beyond: Life and Work of Hugo Liepmann) Volume 39, Issue 3, , Elsevier Masson Srl. Publisher .Pages 509-524
13. Heilman K. M., Rothi L. J. G. (1993). "Apraxia," in Clinical Neuropsychology, eds Heilman K. M., Valenstein E., editors. (New York, NY: Oxford University Press, Clinical Neuropsychology; ), 141–150
14. Jakielski, J. Florance ,C. Werz. E . Fish , M , (2011) . Here's how to treat Childhood Apraxia of speech . Plural publisher
15. Judaš ,M, Sedmak, G. and Pletikos, M. (2010) Journal of Anatomy (Early history of subplate and interstitial neurons: from Theodor Meynert (1867) to the discovery of the subplate zone (1974)) . US National Library of Medicine National Institutes of Health . 217(4): 344–367.
16. Laganaro M., Valente A., Perret C. (2012). Time course of word production in fast and slow speakers: a high density ERP topograph study. *Neuroimage* . 59p.p 3881–3388 .
17. Leiguarda, R.C. and Marsden, C.D. (2000) Limb apraxias: higher order disorders of sensorimotor integration. Brain, 123: 860–879
18. Lucker,N .Lazerson, M.A.,(2003). Apraxia? Dyspraxia? Articulation? Phonology? What Does It All Mean?. Apraxia-KIDS℠ – A program of The Childhood Apraxia of Speech Association (CASANA).
19. Maassen, B. (2002). "Issues contrasting adult acquired versus developmental apraxia of speech". Seminar Speech Lang. 23 (4): 257–66.
20. Ortiz, K. and Martins ,F. (2010) . The relationship between severity of apraxia of speech and working memory . Dement Neuropsychol. (4). Pp63-68
21. Petreska B., Adriani M., Blanke O., Billard A. (2007). "Apraxia: a review," in From Action to Cognition. Progress in Brain Research (Vol. 164), ed. Von Hofsten C., editor. (Amsterdam: Elsevier; ), 61–83.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

22. Roy, E.A. (1983b). Neuropsychological perspectives on apraxia and related action disorders. In Magill, R.A. (Ed.), Advances in Psychology: Volume 12. Memory and Control of Action. (pp. 293–320). Amsterdam: North-Holland.
23. Schneider ,W. ( 1985) . Metacognition , Cognition , and human performance developmental trends in metamemory – memory behavior relationship : An integrative review . Academic press. Vol.1.
24. Smith, L. (2015). 10 Early Signs and Symptoms of Childhood Apraxia Speech. Retrieved January 25, 2016.
25. Squire, L. (2004) .Memory systems of the brain: A brief history and current perspective. Neurobiology of Learning and Memory. Elsevier publisher. 82.pp.171-177.
26. Strand, E. (2007) . Treatment Methods for Childhood Dyspraxia of Speech. Presented to the conference on: Oral and Verbal Dyspraxia/Dyspraxia: Theory and Treatment Methods.
27. Varley, R. A., & Whiteside, S. P. (1998). Voicing in severe apraxia of speech: Perceptual and acoustic analysis of a single case. Journal of Neurolinguistics, 11, 259–273

27. www.loughati.com


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.2